# ڕاگەیاندن و ڕاستگۆیی

## (ڕاگەیاندنی کوردی تا چەند ڕاستگۆیە؟)

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٤١)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.info

■ ڕاگەیاندن و ڕاستگۆیی

نووسینی: د. هێرش ڕەسوڵ

بابەت: لێکۆڵینەوە

دیزاینی ناوەوە: ڕێبوار سەدرەدین

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

چاپی: چاپخانەی **سەردەم** ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٨٢٥)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# ڕاگەیاندن و ڕاستگۆیی

## (ڕاگەیاندنی کوردی تا چەند ڕاستگۆیە؟)

د. هێرش ڕەسوڵ

٢٠١٧ سلێمانی

ئەم توێژینەوەیە،
هەوڵێکە بە ئاڕاستەی گەیاندن، یان لانیکەم
نزیکخستنەوەی ڕاگەیاندنی کوردی
لە سنوورەکانی پڕۆفێشناڵبوون.

ئەم هەوڵەم

پێشکەشە بە:

• ***تاژان، هەنی و چانی..*** *کە بە هۆیانەوە، ژیانم خۆش دەوێ و هێزی بەردەوامییم پێ دەبەخشن.*

• *کاکم* ***(محەمەد ڕەسوڵ موراد)...*** *کە لە خۆی، فێری ڕاستگۆیی و بوێری و لە کتێبخانەکەشیەوە، شەیدای خوێندنەوە و نووسین بووم.*

***هێرش***

# پێرست


پێشەکی ............................................................................ ١١
یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە ................................................ ١٣
دووەم: چەمکی (ڕاستگۆیی) لە چێوەی ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندندا ... ١٨
سێیەم: تایبەتمەندییە گشتییەکانی بەرتوێژان ............................. ٢٩
چوارەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکان ............................................. ٣٤
دەرەنجام ........................................................................ ٧٢
ڕاسپاردە و پێشنیار ......................................................... ٧٤
لیستی سەرچاوەکان.......................................................... ٧٦
سوپاس و پێزانین ............................................................ ٧٨
سەرنج ........................................................................... ٧٨
کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر..................................................... ٧٩
دەربارەی نووسەر.............................................................. ٨٠

## پێشەکی:

بابەتی ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن لە ڕیزی بابەتە جێبایەخ و هەستیارەکان هەژمار دەکرێت، چونکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەم بە پەیڕەوکردنی ئازادانەی ڕاگەیاندن و هەم بە ئازادیی تاک و کۆمەڵەوە هەیە. وەک چۆن بە هۆی پەیوەستبوونیەوە بە فەلسەفە و ئایینە دێرین و هاوچەرخەکان و سیاسەت لە لایەک و پەیوەستیی بە ئازادیی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن لە لایەکی ترەوە، بە سروشتی خۆی بابەتێکە نە ئاسان و نە ئەستەم.

سەرەڕای ئەوانە، ئێتیکی کاری ڕاگەیاندن بابەتێکی نوێیە و هێشتا هەر پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە، بە تایبەتییش لە ئەنجامی ئەو پەرەسەندنە گشتگیرەی کە ئەو بوارە بە خۆیەوە دەیبینێت لە میانەی ئەم جیهانگیرییەدا، واتە بەریەککەوتنی فراوانتری کۆمەڵ و تاکەکانی لەگەڵ تەکنۆلۆژیای گەیاندنی نوێدا (الإتصال الجدید).

بنەماکانی ئێتیکی پیشە، وەک زنجیرەیەک بنەما لەپێناو پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرزی پیشەییدا، ڕۆڵی بەرچاویان لە

کـــایەی ڕاگەیاندنـــدا هەیە، کاتێــک ڕاگەیانـــدنکار لە میانـــەی پیادەکردنی کارەکەیدا یەکێک لەو بنەمایانە پێشێل دەکات، یان وەک پێویست ڕەچاوی ناکات، کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سـەر پەیامەکانی و جێکەوتەکانیان.

ڕاســتگۆیی (الصــدق- Honesty)یــش یەکــێکە لەو بنەمــا بایەخـدارانەی ئێتیکـی کـاری ڕاگەیانـدن کە لە پـاڵ بنەماکـانی دیکەدا ڕۆڵیـان لە دروسـتکردنی بڕوا و متمـانەی وەرگـر هەیە بـۆ کەناڵەکـانی ڕاگەیانـدن، ئەمەش لە کاتێکـدا کە پیشـەییانە مــامەڵەی لەتەکـدا بکرێـت، بە پێچەوانەشــەوە، دەبێــتە هــۆی لەدەستدانی ئەو بڕوا و متمانەیە لای جەماوەر.

لە سـۆنگەی ئەوەشــەوە، هــاوچەرخی و ئــاڵۆزیی پرســی ئێتیکی پیشـەی ڕاگەیاندن لە چێوە زانستییەکەیدا لە لایەک، لە لایەکـی دیکەشـەوە، بـارودۆخی نـوێی ڕاگەیانـدنی کـوردی لە باشووری کوردستان، بە تایبەت دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و پاشـــان ڕووخـــانی ڕژێمـــی ســـەددام لە نیســـانی ٢٠٠٣دا، هاتنەکـایەی سـەدان کەنـاڵی ڕاگەیانـدن بە جـۆر و ئاڕاسـتەی جیـاوازەوە، ئامــاژەن بـۆ پێویســتبوونی ئەنجامـدانی چەنـدین تـوێژینەوەی ئەکـادیمی دەربـارەی بـابەتی ئاسـتی (ڕاسـتگۆیی) ڕاگەیاندنی کوردی، سەرەڕای سانانەبوونی.

هەر لە چێـــوەی ئەو تێڕوانینەشــــدا، ئەم تـــوێژینەوەیە بە ئاڕاسـتەی گەیانـدن، یـان لانـیکەم نزیکخسـتنەوەی ڕاگەیانـدنی کـوردی لە سـنوورەکانی پرۆفێشـناڵبوون، هەنگاوەکـانی کەوتە ڕێ و بەرجەستە بوو.

## یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### ١- بایەخ و پێویستیی توێژینەوەکە:

ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت کە بڵێین هەرێمی کوردستانی عیراق لە کۆی کایە جیاوازەکانیدا بە گشتی، تا ڕادەیەکی زۆر کێڵگەیەکی دەستلێنەدراو و لەبارە بۆ لێتوێژینەوە و کارتێداکردنی زانستی و ئەکادیمی. هەڵبەت ڕاگەیاندنەکەشی یەکێکە لەو بوارە دیارانە کە بە چەند هۆکارێکی جیاجیا کەمترین کاری جدیی زانستیی لەسەر کراوە. لەبەر ئەوە، ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی توێژەرەوە پێویستییەکی حەتمی بوو.

هەروەها، توێژینەوەی زانستی تەنها جەخت لەسەر بایەخێکی دیاریکراو لە بواری پسپۆڕییەکەدا ناکاتەوە، ئەمەش وای کردووە ئەم توێژینەوەیە لەم لایەنانەی خوارەوە گرنگی و سوودی تایبەتی هەبێت:

**أ. بۆ کۆمەڵ:** لە بایەخی ئێتیکی پیشە و کاریگەری بۆ سەر متمانەی وەرگرەوە سەرچاوە دەگرێت.

**ب. بۆ زانست و تیۆر**: لەپێناو پەرەدان بە لایەنی ئەکادیمی و تیۆری ڕاگەیاندن.

**پ. بۆ کاری ڕاگەیاندن**: بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی ڕاگەیاندنکاران و پێشخستنی کەناڵەکان.

**٢- کێشەی توێژینەوەکە:**

ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، لە بۆنە و بەبێ بۆنەدا بەردەوام جەخت لەسەر ڕاستگۆیی کەناڵ و پەیامەکانیان دەکەنەوە، هەر وەک ڕاگەیاندنکارانی هەرێم هەمیشە باسی بوونی ئەوپەڕی متمانە دەکەن کە لای وەرگرەوە بە دەستیان هێناوە، بەڵام ئەم بابەتە پێویستیی بە سەلماندنی زانستی و ساغکردنەوەی بابەتی و بێلایەنانەی ئەکادیمی هەیە، لەبەر ئەوە، توێژەر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ئەم پرسیارانەی خوارەوە ناوەڕۆکی کێشەی توێژینەوەکەی ڕوون بکاتەوە:

أ. (**ڕاستگۆیی**) کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لە پێشکەشکردنی پەیامەکانیاندا لە چ ئاستێکدایە؟

ب. هۆکارەکانی لەبەرچاونەگرتنی (**ڕاستگۆیی**) وەک بنەمایەکی گرنگی ئێتیکی پیشە، لە ڕاگەیاندنی کوردیی هەرێمی کوردستاندا چین؟

پ. ئەو ئاڕاستەیەی ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا کامەیە کە زیاتر لە ئاڕاستەکانی دیکە، بنەمای (**ڕاستگۆیی**) ڕەچاو ناکات؟

**٣- ئامانجی توێژینەوەکە:**

بە لەبەرچاوگرتنی کێشە و پرسیارەکانیش، توێژینەوەکە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێک دەدات، دیارترینیان:

أ. زانینـــی ئاســـتی (**ڕاســـتگۆیی**)ی کەنـــاڵە جیاوازەکـــانی ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لە پێشکەشکردنی پەیامەکانیاندا.

ب. دەستنیشـــانکردنی هۆکارەکـــانی لەبەرچـــاونەگرتنی (**ڕاستگۆیی**) وەک بنەمایەکی گرنگی ئێتیکی پیشە لە ڕاگەیاندنی کوردیی هەرێمی کوردستاندا.

ج. ئاشـکراکردنی ئەو ئاڕاسـتەیەی ڕاگەیانـدنی کـوردی لە هەرێمـی کوردسـتاندا کە زیـاتر لە ئاڕاسـتەکانی دیکە بنەمـای (**ڕاستگۆیی**) ڕەچاو ناکات.

**٤- جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

تـوێژینەوەکە لە ڕووی جـۆرەوە بە (تـوێژینەوەی وەسـفی) دادەنرێـت، بەو پێـیەی لە بـابەتێکی ڕاگەیانـدن دەکـۆڵێتەوە لە چێـوە گشـتییەکەیدا لە بـازنەی وەسـفی زانسـتیی میتـۆدیی پشتبەسـتوو بە پێـدراوە واقیعییەکـان لە ئێتیکـی پیشـەی ڕاگەیانـدن و بنەماکـانی. وەک چـۆن تـوێژینەوەکە (ڕێبـاز - میتۆد-ی ڕووپێوکاری) بەکار دێنێت لە چێوەی ڕووپێویکردنی جەمـاوەری کەناڵەکـانی ڕاگەیانـدن و ڕووپێـویکردنی هەنـدێ لایەنـی نـاوەڕۆکی ڕاگەیانـدن بـۆ ئاشـکراکردنی تەوەرەکـانی پەیوەست بە ناوەڕۆکەکە، بۆچوونی جەماوەر بەرامبەر بابەتی توێژینەوەکە.

**٥- ڕێگە و ئامرازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێگەی ڕاپێوی (الإسـتبانة) گیـراوەتە بەر، وەک ئامرازێک بۆ زانینـی گۆشـەنیگای بژاردەیەکـی وەرگرانـی هەرێمی کوردستان، کە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانین، بەکار

هێنــراوە، ئەمەش بەو پێــیەی ڕاپێــوی ئــامرازێکی بنەڕەتیــی تــوێژینەوەیە بــۆ لێتــوێژینەوەی مەیــدانیی جەمــاوەر، زانــین و پێوانەکردنی تێڕوانینەکانی سەبارەت بە ئاستی لەبەرچاوگرتنی (ڕاستگۆیی) لە ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، بە جیاوازیی ئاڕاستەکانیەوە.

**٦- بوار و کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە هەر سێ بوارە سەرەکییەکەی وەرگرتووە:

**أ. بــواری کــات:** خــۆی لە ڕێوشــوێنی مەیدانیــدا دەبینێــتەوە لەســەر بەرتــوێژان (المبحــوثین) لە مــاوەی مــانگی تشــرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣دا.

**ب. بــواری شــوێن:** پارێزگــای ســلێمانی دەگــرێتەوە کە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لەو پارێزگایەدا وەرگیراون.

**ج. بــواری مرۆیــی:** ئەم بــوارە و کــۆمەڵی تــوێژینەوەکەش خۆی لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانیدا دەدۆزێتەوە، لە نێر و مــێ، لە دەســتەی وانەبێژیــی خــاوەن ناونیشــانی زانســتی (مامۆســتای یاریــدەدەر، مامۆســتا، پرۆفیســۆری یاریــدەدەر، پرۆفیســۆر)، لە هەردوو پســپۆڕیی زانســتە سروشــتییەکان و زانســتە مرۆییەکــان. بەو پاســاوەی مامۆســتای زانکــۆ نــوێنەرایەتیی تــوێژێکی کــۆمەڵایەتی دەکــات کە تــا ئەندازەیەکی زۆر لە ڕووی ڕۆشــنبیری و هۆشــیاری و ناســەوانی (مەعریفــی)یــەوە بەهرەمەنــدە، بــۆ مــامەڵەکردن لەگەڵ بــابەتی تــوێژینەوەکە لە چین و توێژەکانی دیکە گونجــاوترە. هەروەهــا ژمــارەی مامۆســتایانی زانکــۆی ســلێمانی دەگــاتە (١٣٥٥) مامۆســتا، (٨٠٢) لە پســپۆڕیی زانســتە سروشــتییەکان و

(٥٥٣)یش لە پسپۆڕیی زانستە مرۆییەکان.[١] سەبارەت بە مشتە (سامپڵ)یش، لەم تـویژینەوەیەدا مشـتەیەکی هەڕەمەکیی ڕێکخراو (عینة عشوائیة منتظمة) لە کۆمەڵی تـوێژینەوەکە وەرگیراوە کە ڕێژەکەی دەگاتە (١٥٪) و مامۆستا وەرگیراوەکانیش (٢٠٣) مامۆستان، (١٢٢) لە پسپۆڕیی زانستە سروشتییەکان و (٨١) لە پسپۆڕیی زانستە مرۆییەکان.

---

١ بەڕێوەبەرایەتیی ئامار و نەخشەکێشانی زانکۆی سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠١٣.

## دووەم: چەمکی (ڕاستگۆیی) لە چێوەی ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندندا

### أ. ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن:

وەک دەروازەیەکی سانا بۆ چوونەنێو تەوەرەکە سەبارەت بە (ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن)، سەرەتا وا پێویست دەکات بە کورتی تیشک بخەینە سەر چەمکی (ئێتیک)، پاشان ئاماژە بۆ چەمکی (ئێتیکی پیشە) بکەین.

ئێتیک یەکێکە لە ئاڵۆزترین چەمکەکانی ناو زانستە مرۆییەکان و خاوەنی ڕەهەندی جیاوازە، بۆیە پێناسەکردنێکی گشتگیر و گونجاو بۆی، کە زۆرینە لەسەری کۆک بن، کارێکی ئەستەمە.

چەمکی ئێتیک (Ethics) لە گریکەکانەوە هاتووە، ئەوان وشەکەیان لە ڕووی فەلسەفییەوە کردووەتە سێ بەشەوە: (Aethetics) بریتی بوو لە توێژینەوەی (جوانی)، ئاخۆ چۆن کەسێک دەتوانێت بەبێ پشتبەستن بە هەڵسەنگاندنەکانی خود بە تەنها، (جوانی) شی بکاتەوە. ئەپستمۆلۆژی (Epistemology)، توێژینەوەی زانستی ناسەوانی (علم المعرفة) بوو، گفتوگۆ بوو

دەربارەی ئەوەی (فێربوون) لە چی پێک دێ، بۆ ئاوەزی مرۆڤ چی شایەنی زانینە؟ (Ethics) تویژینەوە بوو دەربارەی (چی باشە؟) هەم بۆ تاک و هەم بۆ کۆمەڵیش.[٢]

لە ڕووی زاراوەییەوە، ئێتیک شێوەیەکە لە شێوەکانی هۆشیاریی مرۆڤ کە لەسەر دیسپلین و ڕێکخستنی ڕەفتاری مرۆڤ وەستاوە لە سەرجەمی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ هەڵاویردکردن، لە ماڵەوە و لەگەڵ خێزاندا، لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا، لە کارکردن، لە سیاسەت، لە زانست و لە شوێنە گشتییەکاندا.[٣]

جێی سەرنجە ڕەگوڕیشەی وشەکە مانای "داب" یان "نەریت" دەگەیەنێت. ئێتیک ڕیشەی بنچینەیی ڕەفتارە کە سوودی بەردەوام بە کۆمەڵ دەبەخشێت. یۆنانییەکان بە چاکەکانی تاکەوە پەیوەست بوون، لە: پتەوی، دادپەروەری، مامناوەندێتی و دانایی، ئەمە وێڕای چاکە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نموونە: ئازادی.[٤]

دووهەزار ساڵ دواتر، ئێتیک بە واتای فێربوون لەسەر بژاردە ئەقڵانییەکانی باش و خراپ دێت، لە نێوان ئەوەی چ کارێک پاساوی ئێتیکیی هەیە و چ کارێکیش نا.[٥]

هەروەها سەبارەت بە پیشە (المهنة– Profession)، بریتییە لە هەوڵی ڕەنجبۆکێشراوی هزری، یان جەستەیی، بۆ

---

[2] Philip Patterson, Lee Wikins: Media Ethics: Issues and Cases, 6th edn. (New York: Higher Education, 2008), p4.

[٣] د. مصطفى حسيبة: المعجم الفلسفي، (عمان: دار اسامة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩)، ص ص٤٠–٤١.

[4] Philip Patterson, Lee Wikins: Op.cit. p4.

[5] Ibid. p4.

هێنانەدیی سوودی دنیایی، ئیتر ڕەوا بێت یان یاساغ.[٦] کەواتە، مەبەست لە ئێتیکی پیشەش، ئەو هەڵسوکەوتانەن کە تاکەکانی کۆمەڵ لە میانەی پەیڕەوکردنی پیشەیەکدا ئەنجامی دەدەن، یان کۆمەڵێ ڕێسای باوە لای خاوەنانی پیشەیەک، بە شێوەیەک، کە ڕەچاوکردنیان ببێتە مایەی پارێزگاریکردن لە کار و پایەکەی.[٧]

وەک سەرچاوە زانستییەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئێتیکی ڕاگەیاندن کۆمەڵێ بەها و بنەمای ئاکاری و ڕەفتارین، ڕاگەیاندنکار لە میانەی پەیڕەوکردنی کارەکەیدا پێیانەوە پابەند دەبێت، وەک ئەوەی هەموان لە دامەزراوەی ڕاگەیاندندا پێیەوە پابەند دەبن. ئەم ئێتیکە خۆی لەو بەها گشتی و نەریت و هەڵسوکەوتانەدا دەبینێتەوە کە هەندێکیان گشتی و هاوبەشن، وەک بەهاکانی (ڕاستگۆیی، پاکێتی و هاوسەنگی)، هەندێکیشیان تایبەتن بە کۆمەڵ و دامەزراوەکان.[٨]

(المعجم الاعلامی)یش لەگەڵ ئەوەی پێی وایە (ئێتیکی ڕاگەیاندن) هێشتا هەر مایەی مشتومڕە، بەڵام چەمکەکە پێناسە دەکات بەوەی بریتییە لە کۆمەڵێک بەهای پەیوەست بە پیشەی ڕاگەیاندنەوە، کە ڕاگەیاندنکاران لە پرۆسەی هەڵگۆزینی هەواڵ، بڵاوکردنەوە و لێدوان لەسەریان، پێیانەوە پابەندن،

---

[٦] د. محمد شرعي أبو زيد (إعداد): أخلاقيات المهنة (دراسة مقرر)، جامعة الطائف- كلية الآداب، ص٥. دراسة مقررة متاح على العنوان الإلكتروني الآتي:

http://www.sharei.net/stud/s_t_343_ff/1404104.pdf?UserID=1404104

[٧] د. مصطفى حسيبة: مصدر سابق، ص٤١.

[٨] د. جورج صدقه: الأخلاق الاعلامية بين المبادئ والواقع، (بيروت: مؤسسة مهارات، ١٩٩٩)، ص١٥.

هەروەهــا لە خســتنەڕووی بۆچوونەکانیانــدا، لە بەجێگەیانــدنی ئەرکە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا.[٩]

پاڵپشت بەو ڕاستییانەش، ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن کۆمەڵێ بنەمــایە کە ڕاگەیانــدنکاران ئارەزوومەنــدانە و لەســەر بنەمــای ویژدانیی خۆیان، لە میانــەی پیادەکردنی پیشــەکەیاندا ڕەچاوی دەکەن، بەو ئامانجەی بگەنە ئاستێکی باڵای پیشەیی.

ئەو ئاســتە بــاڵایەش کە لە ســەرەوە ئامــاژەی بــۆ کــراوە، بــریتییە لە "پرۆفێشــناڵێتی"، بەو پێیەی پرۆفێشــناڵ (المحتــرف- Professional) بە کەســــێک دەوترێــــت کە شـــــارەزایی و لێهاتووییەکی تایبەتی لە بوارێکی تایبەتدا هەبێت و بەو هۆیەوە بتوانێت ســەرمایەی مــادی بــۆ خــۆی دەســتەبەر بکــات.[١٠] بــۆیە کاتێک پیشــەکارێک پارێزگــاری لە بنەماکــانی پیشــەکەی ناکــات، دووچــاری هەڵە دەبێــت، هەروەهـــا کــاریگەری و شـــوێنکاری هەڵەی پیشـــەیی و ئێتیکیـــی ڕاگەیانـــدنکاریش، ئەگەر لە هەڵەی پزیشـک یـان ئەندازیار یـان پـارێزەر و مامۆسـتایەک، یـان هەر خاوەن پیشەیەکی دیکە زیاتر نەبێت، لە هیی ئەوان کەمتر نییە. وەک چـــۆن زۆر جـــار زیاتریشـــە و ڕەنـــگە بـــابەتێکی ڕۆژنامەنووسی، کە بە جۆرێ لە جۆرەکان پێشـێلکاریی ئێتیکی تێـدایە، ببێـتە هـۆی چەواشـەکردنی کـۆمەڵ، یـان گرووپێکـی گەورەی کۆمەڵایەتی، یـان داڕمانـدنی سـایکۆلۆژیای کـۆمەڵ و

---

[٩] د. محمد منير حجاب: المعجم الإعلامي، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤) ص ص٣٣- ٣٤.

[١٠] ڕێبوار سیوەیلی: نووسین و بەرپرسیاری، چ٢ (سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦)، ل١٧٩.

تاکەکانی، یان بەلارێدابردنی نەوەیەک، یاخود شێواندنی فاکتێک کە کاتێکی زۆری دەوێت تاکو ڕاست دەکرێتەوە[11].

**پایەکانی ئێتیکی کاری ڕاگەیاندن:**

وەک چۆن شارەزایان جەختیان لەسەر کردووەتەوە، دیارترین پایەکانی ئێتیکی کاری ڕاگەیاندن لەم تەوەرانەی خوارەوەدا کورت دەکرێنەوە:

**یەکەم: بیرکردنەوەی ئێتیکییانە:**

واتە ڕاگەیاندنکار بەر لە سازاندن (تحریر)ی هەواڵ، یان بڵاوکردنەوەی وێنەکان، دەبێ بە شێوەیەکی ستراتیژییانە بیر بکاتەوە، بیرکردنەوە بە قووڵی لە سەرجەمی ئەو هەڵوێستانەی کە لە کاتی پرۆسەی ڕووماڵکردندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لە میانەی لێکۆڵینەوەی کۆی ئەڵتەرناتیڤ و پێشنیازەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:[12]

١. جێگرەوە (ئەڵتەرناتیڤ)ەکانت لە بەردەمی خۆتدا دابنێ: ئایا دەتوانم بڵاویان بکەمەوە یان نا؟ دەتوانم بنووسم یان نا؟

٢. ئایا ئەوەی دەیخەمە ڕوو، بە زەقی (بارز) بێت یان لە شوێنێکی لاوەکیدا بێت؟

٣. بۆ ماوەیەک چاوەڕێ بکە تا بەر لە بڵاوکردنەوە زانیاریی زۆرترت دەست دەکەوێت.

---

[11] د. هێرش ڕەسول: ئێتیك و یاسا لە میدیای کوردیدا، (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٣)، ل١١٢.

[12] بسام عبدالرحمن المشاقبة: أخلاقيات العمل الاعلامي، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٢)، ص ص١٣٠-١٣١.

٤. پێش بڕیاردانەکانت لە زیان و سوودەکانی بڵاوکردنەوە بکۆڵەرەوە، هەروەها لە گرنگیی ئەو بابەتەش کە بە نیازی بڵاوکردنەوەیت، گونجانیشی بۆ جەماوەر.

**دووەم: ڕاستگۆیی:**

متمانە و ڕاستبێژی بە پاڵنەری ئەدەبیاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمی ڕاگەیاندن دادەنرێن، (ڕاستی) بزوێنەری ڕاگەیاندنە، گەیشتنیش بە هەقیقەت بە هۆی ڕێگە کورت و پێچاوپێچەکانەوە نابێت کە وردی و ڕاستگۆیی و واقیعیەتەکەی بڕووشێنێت، بەڵکو گەیشتن پێی لە ڕێگەی سەختەوە دەبێت، بەڵام تەندروست و مایەی شادمانی و ئارامی، هەروەها دەبێتە مایەی جیاکاری و بەراورد لە کارکردندا لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە لە بواری سەرچاوەدا، ڕۆژنامە بێت یان ڕادیۆ یان تەلەڤزیۆن، لەو سۆنگەیەوە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەوڵی گەیشتن بە ڕاستییەکان دەدەن، لای خەڵکی یان لای واقیعی ڕووداوەکان لە ناو ژینگە و کاتەکانی خۆیاندا، لەبەر ئەوەش کە ڕاستییەکان هەمیشە خاوەنی ئەو کەسانە نین کە بە ڕێوەیان دەبەن، بۆیە هەر دەبێت بە ڕێگەی جیاواز بگەینە سەرچاوەکەیان، ئەمەش هەوڵ و نارەحەتیی دەوێت.[١٣]

---

[١٣] د. عطاالله شاكر أحمد: إدارة المؤسسات الاعلامية، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١١)، ص١٠٣.

## ب. پـێگەی (ڕاسـتگۆیی) لە نێـو بنەماکـانی ئێتیکـی پیشـەی ڕاگەیاندندا:

### چەمک و پێناسەی ڕاستگۆیی:

بۆچـوونێکی بـاو هەیە کـە پێـی وایە ئێتیکـی هـاوچەرخی ڕۆژنامەنووسـی لەسـەر هەردوو کـۆڵەی (ڕاسـتگۆیی) و (بـابەتیبوون) بونیـاد نـراوە. ڕاسـتگۆیی و بـابەتیبوون ڕەگوڕیشـەی قووڵیـان لە ڕۆژنامەنووسـیدا هەیە کە بـۆ سەرهەڵدانی چاپکراوی خولەکی دەگەڕێتەوە.[١٤]

وەک چـۆن بەردەوام دووپـات دەکـرێتەوە کە ڕۆژنامەنووسی پیشـەیەکی شـەرەفمەندانە (ئابڕوومەندانە)یە،[١٥] بـۆیە گەڕان بەدوای ڕاسـتیدا، ئیتـر کـۆمەڵایەتی یـان سیاسـی بێت، بایەخی تایبەتی بۆ ڕۆژنامەنووسی هەیە.[١٦]

تـا بە ئێسـتاش دەگـات، ڕۆژنامەنووسـی وەک پیشـەیەکی ئابڕوومەنـد مـانەوەی خـۆی پاراسـتووە، لەو سـۆنگەوەی ئامـانجەکەی ڕێـزدارانەیە (بەرزە)، کە ئـاڵوگۆڕی هەواڵ و زانیـاری، هەروەهـا خسـتنەڕووی کۆمێنـت و ڕادەربـڕین دەگرێتەوە.[١٧]

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە بەهـای بنەڕەتی بدرێت کە (ڕاستگۆیی)ـە، بەڵام ئەم بیـرۆکە سـادەیە لە پراکتیکدا جێگیـر دەبێت بۆ ڕاستی، بەڵام بۆ هەموو ڕاستی نابێت.[١٨]

---

[14] Lee Wilkins, Clifford G. Christians (ed.): The Handbook of Mass Media Ethics, (Stephen J. A. Ward: Truth and Objectivity), (New York, London: Routledge, 2009), p71.

[15] Andrew Belsey, Ruth Chadwick: Ethical Issues in Journalism and the Media, (New York, London: Routledge, 1992), p1.

[16] Lee Wilkins, Clifford G. Christians: Op.cit. p78.

[17] Andrew Belsey, Ruth Chadwick: Op.cit. p1.

[18] Ibid, pp12-13.

پرۆفیسـۆر بیـل کۆڤاریـک، دەربـارەی گرنگیـی (ڕاسـتگۆیی ڕاگەیاندن) دەڵێت: "ڕاگەیاندنکار بەرپرسیارێتییەکی ئێتیکیی لە ئەسـتۆدایە بـۆ وتنـی ڕاسـتییەکان و ڕاپەڕانـدنی ئەرکەکـانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتی."[19]

ئەمەش بۆ بایەخی بنەمـای ڕاستگۆیی لە کـاری ڕاگەیاندنـدا دەگەڕێـــــتەوە، کاتێـــــک جەخـــــت لەوە دەکـــــرێتەوە کە ڕۆژنامەنووسـان زانیـاریی ڕاسـت دەخەنە گـەڕ، بە ئەنـدازەی ئەوەی بە بـــــابەتەکەوە پەیوەنـــــددار بێـــــت، ڕاپـــــۆرت لەو چوارچێوەیەدا پێشکەش دەکەن، هەروەها بە شـێوەیەکی بـاش خزمەتـی وەرگـر دەکەن، بە جۆرێـک کە پێویسـتی بە نیگەرانـی نابێت دەربارەی ترس لە ئێتیک.[20]

کاتێکیش باس دێتە سەر پێگەی ئەم بنەمـایە لە نێو چێوەی ئێتیکی پیشـەی ڕاگەیاندنـدا، تـوێژەر و پسـپۆڕان بە سـووربوون و بڕوابەخۆبـــوونی زۆرەوە لە پێشـــەنگییەکەی دەدوێـــن لە بایەخبەندیی بنەماکانی دیکەدا.

ئەوەتا هەردوو توێژەر (A. David Gordon, John Michael Kitttoss) لە کتێبەکەیانـدا (مشـتومڕ و جیاوازییەکـان لە ئێتیکـی ڕاگەیاندنـدا- Controversies in Media Ethics) لەو بـارەیەوە دەڵێن: "بەڵگە چییە کە ڕاستگۆیی یەکەمین بنەمـایە لە ڕۆژنامەنووسـیدا؟ بەو پێیەی ئەگەر هەڵبـژاردن بکرێت، (ڕاسـتی) لە پێش نیگەرانییەکـانی تـری ئێتیکەوە دێـت. لە ڕووی نمـوونەیی (ئایدیالی)یشـەوە، وەک چـۆن کیتـرۆس (Kittross) مشتومڕی لەسەر دەکات، پێویستە وتنـی ئەو ڕاسـتییانە لە

---

[19] گولان (سازکردن): چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و پرۆفیسۆر بیل کۆڤاریك، گولان (گۆڤار)، ژمارە ٦٨٠، ساڵی چواردەیەم، ٢١ی نیسانی ٢٠٠٨، ل٢٣.

[20] A. David Gordon, John Michael Kitttoss: Controversies in Media Ethics, 2nd edn. (New York: Longman, 1999), p78.

چێوەی داپەروەری و هاوسەنگیدا بێت. بە دڵنیاییەوە هەر وەک جیم ویلیس (Jim Willis) و ئەوانی تر ئاماژەی بۆ دەکەن، (ڕاستی) نموونەییە، بەدیهێنانی ئەستەمە، هەروەها پێچەوانەی هەموو واقیعێکیشە.[21]

لێرەدا، دوای خستنەڕووی چییەتی و بایەخی بنەمای (ڕاستگۆیی) لە نێو کایەی ڕاگەیاندن و لەپێناو پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرزی پیشەیی، دەتوانین وەک پێناسەیەکی ئیجرائی بنووسین، چەمکەکە بریتییە لە "کۆکردنەوە و گواستنەوەی زانیاری، ڕوومالکردنی ڕووداوەکان، نووسین و سازاندن (تحریر) و پەخش و بڵاوکردنەوەی مەتریاڵە میدیاییەکان بە شێوەیەکی بابەتی و هاوسەنگ و ورد و ڕاست و دروست."

ئەم پێناسەیەی سەرەوەش مانای کۆکردنەوەی زیاد لە بنەمایەک لە نێو بنەمایەکی دیاریکراودا دەگەیەنێت، واتە ڕاستگۆیی بە شێوەیەکی گشتی، سەرباری ئەوەی بریتییە لە ڕەچاوکردنی ڕاستی و دروستی (الصدق والصحة)، بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی (بابەتیبوون، هاوسەنگی و وردی) دێتە دی. ئەمەش هەستیاریی بنەماکە و بایەخەکەی لە یەک کاتدا لە کایەی ڕاگەیاندندا پیشان دەدات.

**ج. شوێنی (ڕاستگۆیی) لە پەیماننامەکانی شەرەفی ڕۆژنامەنووسیدا:**

هەرچەندە بوونی پەیماننامەی شەرەف بۆ کاری ڕاگەیاندن نابێتە تاکە پێوەر بۆ چەسپاندنی بنەماکانی ئێتیکی پیشەکە، بەڵام دەتوانین بڵێین وەک گەڵاڵەنامەیەکی ویژدانی و ئێتیکی،

---

[21] Ibid, p73.

کاریگەریی لەسەر ئاستی ڕەچاوکردنی بنەماکانی ئێتیکی پیشەکە دەبێت.[22]

بەو پێیەی پەیماننامەی شەرەف (شەرەفنامە) بە شێوەیەکی گشتی و بۆ هەر پیشەیەک بریتییە لە ڕێساگەلێکی ڕێنما بۆ پەیڕەوکردنی پیشەکە لەپێناو بەرزبوونەوە بەنموونەییبوونەکەی و پشتگیریکردنی پەیامەکەی، سەرەڕای گرنگییەکەشیان لە دیاریکردنی پیادەکردنەکان و ئەولەویات لەناو پیشەیەکی دیاریکراودا، بەڵام نابێت بە زۆر بسەپێنرێت، بەڵکو دەبێت بە پابەندبوون (الإلتزام) بێت،[23] بۆیە (ڕاستگۆیی) وەک پرەنسیپ (بنەما)یەکی هەرە گرنگی ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن، شوێنی تایبەت و دیاری لە نێو شەرەفنامەکانی پیشەی ڕاگەیاندن، یان پەیماننامەکانی ئەو پیشەیە بۆ خۆی گرتووە، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە گرنگترینییان دەدەین:[24]

- (پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان) زۆر بە ڕوونی جەختی لەسەر ئەو بنەمایە کردووەتەوە، ڕێزلێگرتنی ئەم بنەمایەی بە یەکەمین ئەرکی ڕۆژنامەنووس و مافی وەرگر ژماردووە. وەک چۆن لە خاڵی یەکەمی بەڵگەنامەکەدا هاتووە: "یەکەمین ئەرکی ڕۆژنامەنووس

---

[22] هێرش ڕەسوڵ: ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا (١٩٩٣-٢٠٠٧)، (سلێمانی: لە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی "چاودێر"، ٢٠٠٩)، ل ل١٨٤-١٨٥.

[23] بسام عبدالرحمن المشاقبة: مصدر سابق، ص٧٠.

[24] د. هێرش ڕەسوڵ: ئێتیك و یاسای ڕاگەیاندن، کۆمەڵێ محازەرەیە، پێشکەشی خوێندکارانی خوێندنی باڵای ڕاگەیاندن (ماستەر) کراوە، بەشی ڕاگەیاندن- سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣ - ٢٠١٤.

بریتییه له ڕێزگرتن له ڕاستی و مافی جەماوەر بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان."[٢٥]

- خاڵی چوارەم له (ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا) بریتییه له: "ڕاستگۆیی و وردی."[٢٦]

- پەیماننامەی شەرەفی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسە پرۆفیێشناڵەکان: له (وردی و بابەتیبوون)دا هاتووه: "ڕاستگۆیی، ئامانجی کۆتاییمانه.[٢٧]

- خاڵی یەکەم له (پەیماننامەی نێودەوڵەتیی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی).[٢٨]

- پەیماننامەی ئێتیکیی (ئاژانسی یونایتدپرێس) جەخت دەکاتەوه لەسەر ئەوەی: "پێش ئەوانی تر هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری بده، بەڵام بەر له هەر شتێک له ڕاستیی هەواڵەکه دڵنیا به، هەروەها هەوڵ بده نەکەویته هەڵەوه، خۆ گەر هەڵەشت کرد، به زوویی پۆزش بهێنەوه و هەڵەکه ڕاست بکەرەوه، ڕوونکردنەوه یان ڕاستکردنەوه بنووسه، تاوەکو ڕاستیی زانیارییەکان ئاشکرا بن."[٢٩]

---

[٢٥] پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان – ساڵی ١٩٥٤ له لایەن ئەنجومەنی فیدراسیۆنەوه ڕاگەیەنراوه، دواتر ساڵی ١٩٨٦ له لایەن هەمان ئەنجومەنەوه هەموار کراوەتەوه.

[٢٦] ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا سەبارەت به ئێتیکی پیشه.

[٢٧] پەیماننامەی شەرەفی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسه پرۆفیێشناڵەکان ١٩٧٢.

[٢٨] پەیماننامەی نێودەوڵەتیی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی.

[٢٩] پەیماننامەی ئێتیکیی ئاژانسی یونایتدپرێس (UPI).

## سێیەم: تایبەتمەندییە گشتییەکانی بەرتوێژان
## (المبحوثین)

دەکرێ تایبەتمەندییە گشتییەکانی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کە مشتەی توێژینەوەکە گرتویەتیە خۆ، بەم جۆرە بخرێنە ڕوو:

**١- توخمی بەرتوێژان:**

بەرتوێژانی توێژینەوەکە بەپێی توخمیان دابەش دەبن بەسەر ڕێژەی (٧٠.٩٣%) نێر و ڕێژەی (٢٩.٠٦%)یش مێ. بڕوانە خشتەی (١).

**خشتەی (١): توخمی بەرتوێژان لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی ڕوون دەکاتەوە**

| توخم | ژمارە | % | پلەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| نێر | ١٤٤ | ٧٠.٩٣ | یەکەم |
| مێ | ٥٩ | ٢٩.٠٦ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**٢- تەمەنی بەرتوێژان:**

بەشداربوانی ڕاپێوییەکە بەپێی تەمەنیان دابەش دەبن بەسەر ڕێژەکانی (١٠.٣٤%) ٢٥-٢٩ ساڵ، (٢٩.٥٥%) ٣٠-٣٤ ساڵ، (١٩.٢١%) ٣٥-٣٩ ساڵ، (١٧.٧٣%) ٤٠-٤٤ ساڵ، (٣٠.١٣%) ٤٥-٥٠ ساڵ و (٩.٨٥%)یش ٥١ ساڵ و زیاتر. بڕوانە خشتەی (٢).

خشتەی (٢): تەمەنی بەرتوێژان لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی ڕوون دەکاتەوە

| تەمەن | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| ٢٥-٢٩ ساڵ | ٢١ | ١٠.٣٤ | پێنجەم |
| ٣٠-٣٤ ساڵ | ٦٠ | ٢٩.٥٥ | یەکەم |
| ٣٥-٣٩ ساڵ | ٣٩ | ١٩.٢١ | دووەم |
| ٤٠-٤٤ ساڵ | ٣٦ | ١٧.٧٣ | سێیەم |
| ٤٥-٥٠ ساڵ | ٢٧ | ١٣.٣٠ | چوارەم |
| ٥١ ساڵ و زیاتر | ٢٠ | ٩.٨٥ | شەشەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**٣- بڕوانامەی بەرتوێژان:**

مشتەی توێژینەوەکە، بەپێی بڕوانامەیان دابەش دەبن بەسەر هەردوو ڕێژەی (٥٥.١٧%) هەڵگری ماستەر و (٤٤.٨٢%)یش هەڵگری دکتۆرا. بڕوانە خشتەی (٣).

**خشتەی (٣): بڕوانامەی بەرتوێژان لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی ڕوون دەکاتەوە**

| بڕوانامە | ژمارە | % | پلەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| ماستەر | ١١٢ | ٥٥.١٧ | یەکەم |
| دکتۆرا | ٩١ | ٤٤.٨٢ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**٤- نازناوی زانستیی بەرتوێژان:**

بەرتوێژان بەپێی نازناوی زانستییان دابەش دەبن بەسەر ڕێژەی (٥٠.٢٤%) مامۆستای یاریدەدەر، (٣٨.٩١%) مامۆستا، (٩.٨٥%) پرۆفیسۆری یاریدەدەر و (٠.٩٨%)یش پرۆفیسۆر. بڕوانە خشتەی (٤).

**خشتەی (٤): نازناوی زانستیی بەرتوێژان لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی ڕوون دەکاتەوە**

| نازناوی زانستی | ژمارە | % | پلەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| مامۆستای یاریدەدەر | ١٠٢ | ٥٠.٢٤ | یەکەم |
| مامۆستا | ٧٩ | ٣٨.٩١ | دووەم |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ٢٠ | ٩.٨٥ | سێیەم |
| پرۆفیسۆر | ٢ | ٠.٩٨ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**٥- بواری پسپۆڕیی گشتیی بەرتوێژان:**

مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کە وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون، بەپێی بواری پسپۆڕیی گشتییان پێک دێن لە: ڕێژەی (٣٩.٩٠%)یان لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان

و (٦٠.٠٩%)یـش لە بـواری زانسـتە سروشـتییەکان. بـڕوانە خشتەی (٥).

**خشتەی (٥): نازناوی زانستیی بەرتوێژان لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی ڕوون دەکاتەوە**

| بواری پسپۆڕیی گشتی | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| بـــواری زانســـتە مرۆڤایەتییەکان | ٨١ | ٣٩.٩٠ | دووەم |
| بـــواری زانســـتە سروشتییەکان | ١٢٢ | ٦٠.٠٩ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**٦- ماوەی بەرکەوتنی بەرتوێژان لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان:**

بەرتـــوێژان بەپێـــی مـــاوەی بەرکەوتنیـــان لەگەڵ کەنـــاڵە کوردییەکان بەم جۆرە دابەش دەبن: (٢٠.٦٨%) ڕۆژانە کەمتر لە ســـەعاتێک، (٣٩.٩٠%) ڕۆژانە ١-٢ ســـەعات، (٢٩.٥٥%) ڕۆژانە ٣-٥ ســـەعات، (٨.٣٧%) ڕۆژانە ٥-٨ ســـەعات و (١.٤٧%)یش ڕۆژانە ٨-١٢ سەعات. بڕوانە خشتەی (٦).

خشـــتەی (٦): مـــاوەی بەرکەوتنـــی بەرتـــوێژان لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان ڕوون دەکاتەوە

| مـــــــاوەی بەرکەوتن | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| ڕۆژانە کەمتر لە سەعاتێک | ٤٢ | ٢٠.٦٨ | سێیەم |
| ڕۆژانە ١-٢ سەعات | ٨١ | ٣٩.٩٠ | یەکەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕۆژانه ٣–٥ سەعات | ٦٠ | ٢٩.٥٥ | دووەم |
| ڕۆژانه ٥–٨ سەعات | ١٧ | ٨.٣٧ | چوارەم |
| ڕۆژانه ٨–١٢ سەعات | ٣ | ١.٤٧ | پێنجەم |
| كۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | – |

## چوارەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکان

### یەکەم: پێویستیی ئێتیکی پیشە بۆ بواری ڕاگەیاندن:

ئەنجامەکـان ئەوە دەردەخەن، کە(٨٠.٢٩%)ی بەرتوێژەکـان تەواو لەگەڵ ئەوەدان کە (**ئێتیکی پیشـە لە کـاری ڕاگەیاندنـدا پێویسـتییەکی حەتمیـــیە**) پــلەی یەکەمـــی پلەبەنـــدیی بگۆڕەکـــانی گرتـــووە، (١٦.٢٥%)یشیان لەگەڵیدان و لە پلەی دووەمدان، (٢.٤٦%)یش دڵنیا نـین لە دروسـتیی ئەو دەسـتەواژەیە و لە پـلەی سـێیەمدان، هاوکـات (٠.٩٨%)یشـیان لەگەڵیـدا نـین و پـلەی چوارەمیـان گرتـووە و هـیچ بەرتـوێژێکیش لایەنگری لە بگـۆڕی (تەواو لەگەڵیـدا نـین) نەکـردووە. ئەوەش دەگەڕێـتەوە بـۆ بـایەخی ئێتیـک و بنەماکـانی لە کـایەی ڕاگەیاندنـدا وەک هەمـو کـار و پیشـەکانی دیـکە، بەو پێـیەی لە چوارچێوەی گشتیدا، ئێتیک پێشمەرجی پەیڕەوکردنی هەمو پیشـەکانە، تایبەت بە پیشەی ڕاگەیاندنیش، بە هـۆی هەسـتیارییەکەی و هەروەهـا گرنگیی زۆری بۆ ژیانی تاک و کۆمەڵ، پێویستییەکە پتر و پتر دەبێت. بڕوانە خشتەی (٧).

| خشتەی (٧): ئێتیک بۆ ڕاگەیاندن پێویستییەکی حەتمییە. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٦٣ | ٨٠.٢٩ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٣٣ | ١٦.٢٥ | دووەم |
| دڵنیا نیم | ٥ | ٢.٤٦ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٢ | ٠.٩٨ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | – |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | – |

**دووەم: ڕاگەیاندن و ئێتیکی پیشە و بەرژەوەندیی گشتی:**

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، ڕێژەی (%٦٩.٤٥)ی بەرتوێژەکان تەواو لەگەڵ ئەوەدان (**کاتێ ڕاگەیاندن بنەماکانی ئێتیکی پیشە ڕەچاو ناکات، زیان بە بەرژەوەندیی گشتی و تەواوی کایەکانی کۆمەڵ دەگەیەنێت**) و لە پلەی یەکەمدایە، ڕێژەی (%٢٦.٦٠)یش لەگەڵیدان و پلەی دووەمیان گرتووە، پلەی سێیەمیش (%٣.٩٤)ی بەشداربوانە کە دڵنیا نین، پلەی چوارەمیش بە دووبارەیی ڕێژەی (%٠)ە بۆ هەردوو وەڵامی (لەگەڵیدا نیم، تەواو لەگەڵیدا نیم). ئەم ئەنجامەش ڕادەی کاریگەریێتیی پیشەی ڕاگەیاندن دەردەخات لە ژیانی گشتی و سوودی کۆمەڵدا، کاتێ بە شێوەیەکی پرۆفێشناڵ و دروست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بڕوانە خشتەی (٨).

| خشـــتەی (٨): ڕەچـــاونەکردنی ئێتیکـــی پیشـــە زیـــان لە بەرژەوەندیی گشتی دەدات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٤١ | ٦٩.٤٥ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٥٤ | ٢٦.٦٠ | دووەم |
| دڵنیا نیم | ٨ | ٣.٩٤ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | - |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | - |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**سێیەم: ڕاگەیاندن و ئێتیکی پیشە و متمانەی وەرگر:**

زۆرینـەی بەشـداربوانی ڕاپێـویی تـوێژینەوەکە بە ڕێـژەی (%٥٤.١٨) کە پـلەی یەکەمـی گرتـووە، تەواو لەگەڵ ئەوەدان (**کاتێ ڕاگەیاندن بنەماکانی ئێتیکی پیشە ڕەچاو ناکات، متمانەی وەرگـر لە دەسـت دەدات.**) لە پـلەی دووەمیشـدا ڕێـژەی (%٣٦.٤٦) لەگەڵیـدان، (%٨.٨٦)یـش دڵنیـا نـین، هەروەهـا (%٠.٤٩) لەگەڵیدا نین و (%٠)یش تەواو لەگەڵیدا نین. ئەمەش واتای ئەوەیە، پەیوەندییەکی تۆکمە، کە لەسەر بناغەی (متمانە) دروسـت بـووە، ڕاگەیانـدن و جەمـاوەر پـێکەوە گـرێ دەدات، ئەوەی ئەو تەماسەش دروست دەکات، پابەندبوونی ڕاگەیاندنە بە پێوەرەکانی ئێتیکی پیشـەوە، بۆیە کاتێک ئەو ڕایەڵە پتەوە پچڕا یان تەنانەت باریکیش بووەوە، ڕاگەیاندن متمانەی خۆی لە دەست دەدات. بڕوانە خشتەی (٩).

خشتەی (٩):
ڕەچاونەکردنی ئێتیک لە ڕاگەیاندندا، لەدەستدانی متمانەی وەرگری لێ دەکەوێتەوە.

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ١١٠ | ٥٤.١٨ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٧٤ | ٤٦.٣٦ | دووەم |
| دڵنیا نیم | ١٨ | ٨.٨٦ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ١ | ٠.٤٩ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | – |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | – |

**چوارەم: بنەمای ڕاستگۆیی لە ئێتیکی ڕاگەیاندندا:**

زۆرینەی ڕەهای مامۆستایانی بەشداربووی ڕاپێوییەکە بە ڕێــژەی (%٨٦.٢٠)، کە دەبێــتە پــلەی یەکەم، تەواو لەگەڵ ئەوەدان (**-ڕاستگۆیی- یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن.**) لە پلەی دووەمیشدا بە ڕێژەی (%١٢.٨٠) لەگەڵیدان، (%٠.٩٨)یش دڵنیا نین، دواپلەش بە دووبارەیی ڕێژەی (%٠)ە بۆ هەردوو وەڵامی (لەگەڵیدا نیم، تەواو لەگەڵیدا نیم). ئەمەش بایەخ و پێگەی ئەو پرەنسیپە دەردەخات، لە نێو هاوکێشەی ئێتیک و ڕاگەیاندندا. بڕوانە خشتەی (١٠).

| خشتەی (١٠): ڕاستگۆیی بنەمایەکی گرنگە لە ئێتیکی کاری ڕاگەیاندندا. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٧٥ | ٨٦.٢٠ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٢٦ | ١٢.٨٠ | دووەم |
| دڵنیا نیم | ٢ | ٠.٩٨ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | - |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | - |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**پێنجەم: لەبەرچاونەگرتنی ڕاستگۆیی لە ڕاگەیاندندا و کاریگەریی نەرێنی:**

زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٦٢.٠٦%) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، تەواو لەگەڵ ئەوەدان (**لەبەرچاونەگرتنی بنەمای -ڕاستگۆیی- لە کاری ڕاگەیاندندا کاریگەریی نەرێنی -سلبی- لەسەر پیشەکە جێ دەهێڵێت.**) دوای ئەمیش ڕێژەی (٣٠.٥٤%) لەگەڵیدان و پلەی دووەمی وەرگرتووە، پاشان لە پلەی سێیەمدا (٤.٤٣%) دڵنیا نین، کۆتاپلەش بە دووبارەیی ڕێژەی (١.٤٧%)ە بۆ هەردوو وەڵامی (لەگەڵیدا نیم، تەواو لەگەڵیدا نیم). ئەم ئەنجامەش جەختکردنەوەیە لە گوزارشتەکەی پێشوو کە هەمیشە (ڕاستگۆیی) وەک یەکێک لە بنەما گرنگەکانی ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن هەژمار دەکرێت و پێشێلکردن یان ڕەچاونەکردنیشی لە کاری ڕاگەیاندندا کاریگەرێتیی نەرێنی دروست دەکات. بڕوانە خشتەی (١١).

| خشتەی (١١): ڕەچاونەکردنی ڕاستگۆیی لە ڕاگەیاندندا کاریگەریی نەرێنی دەبێت. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٢٦ | ٦٢.٠٦ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٦٢ | ٣٠.٥٤ | دووەم |
| دڵنیا نیم | ٩ | ٤.٤٣ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٣ | ١.٤٧ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٣ | ١.٤٧ | چوارەم/ د |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**شەشەم: لەبەرچاونەگرتنی ڕاستگۆیی لە ڕاگەیاندندا و چەواشەبوونی ڕای گشتی:**

مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کە لە ڕاپێوییەکەدا بەشدار بوون، بە ڕێژەی (%٦٢.٠٦) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، تەواو لەگەڵ ئەوەدان (**لەبەرچاونەگرتنی بنەمای -ڕاستگۆیی- لە کاری ڕاگەیاندندا، دەبێتە هۆی چەواشەبوونی ڕای گشتی.**) ڕێژەی (%٣٠.٥٤) لەگەڵیدان، (%٦.٨٩) دڵنیا نین، (%٠.٤٩) لەگەڵیدا نین و (%٠)یش تەواو لەگەڵیدا نین. ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە ڕاستی و دروستی تەوەرێکی بنچینەیی هەر پەیامێکی میدیاییە، کە ئامرازەکانی کەمیونیکەیشن بە ئاڕاستەی دروستکردنی ڕای گشتی بۆ وەرگری ڕەوانە دەکەن. بڕوانە خشتەی (١٢).

خشتەی (١٢): ڕەچاونەکردنی ڕاستگۆیی لە ڕاگەیاندندا، چەواشەبوونی ڕای گشتیی لێ دەکەوێتەوە.

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ١٢٦ | ٦٢.٠٦ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٦٢ | ٣٠.٥٤ | دووەم |
| دڵنیا نیم | ١٤ | ٦.٨٩ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ١ | ٠.٤٩ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | - |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**حەوتەم: مانای بنەمای ڕاستگۆیی لە کاری ڕاگەیاندندا:**

زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٥٣.٦٩) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، تەواو لەگەڵ ئەوەدان کە (**-ڕاستگۆیی- واتە کۆکردنەوە و گواستنەوەی زانیاری، ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان، نووسین و سازاندن -تحریر- و پەخش و بڵاوکردنەوەی مەتریاڵە میدیاییەکان بە شێوەیەکی بابەتی و هاوسەنگ و ورد و ڕاست و دروست.**) ڕێژەی (%٣٨.٤٢) لەگەڵیدان کە پلەی دووەمی گرتووە، (%٥.٤١)یش دڵنیا نین کە لە پلەی سێیەمدا هاتووە، لە پلەی چوارەمیشدا (%٢.٤٦) لەگەڵیدا نین و پلەی کۆتاییش (%٠) تەواو لەگەڵیدا نین. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ڕاستگۆیی وەک پێوەرێکی هەستیار و جێبایەخی ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن، مانای فراوانی هەیە و دەکرێ لە گۆشەی جیاوازەوە ئەدا بکرێت، وەک چۆن تەنها لایەنێکی پرس و بابەتەکە ناگرێتەوە، بەڵکو ڕەهەندی فرە و جیاجیای هەیە. بڕوانە خشتەی (١٣).

خشتەی (١٣): ڕاستگۆیی واتە بابەتیبوون، هاوسەنگی، وردی، ڕاستی و دروستی.

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ١٠٩ | ٥٣.٦٩ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٧٨ | ٣٨.٤٢ | دووەم |
| دڵنیا نیم | ١١ | ٥.٤١ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٥ | ٢.٤٦ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | – |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | ١٠٠% | – |

**هەشتەم: ڕاگەیاندنی کوردی و ئێتیکی پیشە:**

زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کە وەکو مشتەی توێژینەوەکە وەرگیراون، بە ڕێژەی (٣٨.٤٢%) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدا نین (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی بنەماکانی ئێتیکی پیشە – أخلاقیات العمل- ڕەچاو دەکات.**) لە پلەی دووەمیشدا بە ڕێژەی (٣٤.٩٧%) دڵنیا نین، وەک پلەی سێیەمیش (١٧.٢٤%)ی مامۆستایان تەواو لەگەڵیدا نین، هەروەها (٦.٤٠%)ی بەشداربوان لەگەڵیدان، (٢.٩٥%)یش تەواو لەگەڵیدان. ئەمەش مانای ئەوە بە دەستەوە دەدات، کەوا ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمدا نەیتوانیوە وەک پێویست بەو پێوەر و بنەمایانەی ئێتیکی پیشەوە پابەند بێت کە فاکتەرێکن بۆ هەنگاونان بەرەو پرۆفێشناڵێتی. بڕوانە خشتەی (١٤).

| خشتەی (١٤): ڕاگەیاندنی کوردی بە شێوەیەکی گشتی ئێتیکی پیشە ڕەچاو دەکات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٦ | ٢.٩٥ | پێنجەم |
| لەگەڵیدام | ١٣ | ٦.٤٠ | چوارەم |
| دڵنیا نیم | ٧١ | ٣٤.٩٧ | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٧٨ | ٣٨.٤٢ | یەکەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٣٥ | ١٧.٢٤ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**نۆیەم: ئێتیکی پیشە و جیاوازیی ڕاگەیاندنی کوردی لە ڕەچاوکردنیدا:**

لە پلەی یەکەمدا، زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی تویژینەوەکە بە ڕێژەی (%٦٥.٥١) لەگەڵ ئەوەدان (**ڕەچاوکردنی بنەماکانی ئێتیکی پیشە لەکەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە بۆ کەناڵێکی تر دەگۆڕێت.**) ڕێژەی (%٢٠.٦٨) تەواو لەگەڵیدان کە لە پلەی دووەمدا دێت، (%١١.٨٢)یش دڵنیا نین، پاشان (%١.٤٧) لەگەڵیدا نین و (%٠.٤٩)یش تەواو لەگەڵیدا نین. ئەم ئەنجامەش هێمای ئەوەیە سیاسەتی ڕاگەیاندن تا ئەندازەیەکی زۆر کاریگەریی بەسەر ئاستی لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایانەی ئێتیکی کاری ڕاگەیاندن و لایەنی پیشەییبوونەوە هەیە کە زۆرجار بووەتە ئاستەنگ لە بەردەم پێشکەشکردنی ئەدایەکی باڵای پیشەیی. بڕوانە خشتەی (١٥).

| خشـــتەی (١٥): ڕەچـــاوكردنی ئێتیكـــی پیشـــە بەپێـــی ڕاگەیاندنەكان دەگۆڕێت. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەكان | ژمارە | % | پلەكان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٤٢ | ٢٠.٦٨ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ١٣٣ | ٦٥.٥١ | یەكەم |
| دڵنیا نیم | ٢٤ | ٨٢.١١ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٣ | ١.٤٧ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ١ | ٠.٤٩ | پێنجەم |
| كۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**دەیەم: بنەمـــای ڕاســـتگۆیی و ئاســـتی ڕەچـــاوكردنی لە ڕاگەیانـــدنی كوردیدا:**

بەشی زۆری بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەكە بە ڕێژەی (٤٦.٣٠%) كە لە پـــلەی یەكەمـــدا دێـــت، تەواو لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاستگۆیی لە پێشـەوەی ئەو بنەمایـانەی ئێتیكی پیشـەیە كە ڕاگەیانـدنەكان لە هەرێمـی كوردسـتان تـا ئەنـدازەیەكی زۆر ڕەچـاوی نـاكەن.**) لە پـلەی دووەمیشــدا ڕێــژەی (٢٦.٦٠%) لەگەڵیدان، پلەی سێیەمیش، (٢٢.٦٦%)ی سامپڵەكە دڵنیا نین، لە پـــلەی چوارەمیشـــدا (٢.٩٥%) لەگەڵیـــدا نـــین و كۆتـــاپلەش (١.٤٧%) تەواو لەگەڵیدا نین. ئەمەش ئەوە ئاشكرا دەكات كە ڕاگەیانـدنی كـوردی لەم هەرێـمەدا تـا ڕادەیەكـی پرەنسـیپی ڕاستگۆیی زۆر پەیڕەو ناكات، كەموكوڕیی ڕاستی و دروستی یەكێكە لە سیما دیارەكانی پەیامی ئەو ڕاگەیاندنانە. بڕوانە خشتەی (١٦).

| خشتەی (١٦): (ڕاستگۆیی) لە بنەماکانی دیکە زیاتر لە ڕاگەیاندنی کوردیدا ڕەچاوناکرێت. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٥٤ | ٢٦.٦٠ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ٩٤ | ٤٦.٣٠ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٤٦ | ٢٢.٦٦ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٦ | ٢.٩٥ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٣ | ١.٤٧ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**یانزەیەم: ڕاگەیاندنی نووسراو لە هەرێم و بنەمای ڕاستگۆیی:**

زۆرینەی مامۆستایانی بەشداربووی ڕاپێویی توێژینەوەکە، بە ڕێژەی (%٤٤.٣٣) کە لە پلەی یەکەمدا هاتووە، لەوە دڵنیا نین کە (**ڕاگەیاندنی نووسراو -ڕۆژنامە، گۆڤارەکان- لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ڕاگەیاندنەکانی دیکە، لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرت و بابەتەکاندا ڕاستگۆ نین.**) لە پلەی دووەمیشدا ڕێژەی (%٣٠.٥٤) لەگەڵیدان، ڕێژەی (%١١.٣٣)یش تەواو لەگەڵیدان و لە پلەی سێیەمدایە، بە ڕێژەیەکی نزیک لەوەش کە (%١٠.٨٣) لەگەڵیدا نین لە پلەی چوارەمدایە و (%٢.٩٥)یش تەواو لەگەڵیدا نین. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە وەرگری کورد لە هەرێمی کوردستاندا بە تەواوی دڵنیا نییە لە ئاستی ڕەچاوکردنی بنەمای (ڕاستگۆیی) لە لایەن ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە لە هەرێمدا، هاوکات ڕێژەیەکی بەرچاویش پێی وایە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

پتر لە ڕاگەیاندنەکانی تر ئەو پرەنسیپە گرنگە لەبەرچاو ناگرن. بڕوانە خشتەی (١٧).

| خشتەی (١٧): ڕاگەیاندنی نووسراو لە هەرێم لە ڕاگەیاندنەکانی دیکە ناڕاستگۆترە. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٢٣ | ١١.٣٣ | سێیەم |
| لەگەڵیدام | ٦٢ | ٣٠.٥٤ | دووەم |
| دڵنیا نیم | ٩٠ | ٤٤.٣٣ | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٢٢ | ١٠.٨٣ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٦ | ٢.٩٥ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**دوانزەیەم: ڕاگەیاندنی بینراو لە هەرێم و بنەمای ڕاستگۆیی:**

وەک پلەی یەکەم، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٤٢.٣٦) دڵنیا نین لەم گوزارشتە کە (**ڕاگەیاندنی بینراو - تەلەڤزیۆنەکان- لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ڕاگەیاندنەکانی دیکە، لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرت و بابەتەکاندا ڕاستگۆ نین.**) ڕێژەی (%٢٣.٦٤) لەگەڵیدان کە لە پلەی دووەمدا هاتووە، ڕێژەیەکی نزیک لەمەش (%٢٠.٦٨) لەگەڵیدا نین، هەروەها (%١٠.٨٣) تەواو لەگەڵ ئەوەدان و (%٤٦.٢)یش تەواو لەگەڵیدا نین، کە لە پلەی کۆتاییدا هاتووە. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات بەشداربوانی ڕاپێوییەکە وەک مشتەیەک لە وەرگرانی هەرێمی کوردستاندا بە تەواوی دڵنیا نین لە ئاستی ڕەچاوکردنی بنەمای (ڕاستگۆیی) لە لایەن

تەلەڤزیۆنە کوردییەکانەوە، وەک چۆن ڕێژەیەکی بەرچاویش وای دەبینن، بەڵێ ڕاگەیاندنی بینراو پتر لەوانی تر ئەو پێوەرەی ئێتیکی پیشە ڕەچاو ناکەن. بڕوانە خشتەی (١٨).

خشتەی (١٨): ڕاگەیاندنی بینراو لە هەرێم لە ڕاگەیاندنەکانی دیکە ناڕاستگۆترە.

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ٢٢ | ١٠.٨٣ | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ٤٨ | ٢٣.٦٤ | دووەم |
| دڵنیا نیم | ٨٦ | ٤٢.٣٦ | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٤٢ | ٢٠.٦٨ | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٥ | ٢.٤٦ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**سیانزەیەم: ڕاگەیاندنی بیستراو لە هەرێم و بنەمای ڕاستگۆیی:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٤٥.٣٢) کە لە پلەی یەکەمدا هاتووە، دڵنیا نین لەوەی (**ڕاگەیاندنی بیستراو -ڕادیۆکان- لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ڕاگەیاندنەکانی دیکە، لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرت و بابەتەکاندا ڕاستگۆ نین.**) ڕێژەی (%٢٦.١٠) لەگەڵیدان و لە پلەی دووەمدا دێت، لە پلەی سێیەمیشدا ڕێژەیەکی نزیکی ئەمەش (%٢١.١٨) لەگەڵیدا نین، هەروەها (%٧.٣٨) تەواو لەگەڵیدان و وەک دواپلەش (.%) تەواو لەگەڵیدا نین. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە وەرگر لە هەرێمی کوردستاندا بە تەواوی دڵنیا نییە لە ئاستی لەبەرچاوگرتنی بنەمای

(ڕاســتگۆیی) لە لایەن ئــامرازە جیاوازەکــانی ڕاگەیانــدنەوە لە هەرێمدا، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاویش بڕوای وایە ڕادیۆکان پتر لە ڕاگەیاندنەکانی تر ئەو بنەمایە ڕەچاو ناکەن. بڕوانە خشتەی (١٩).

خشـــــتەی (١٩): ڕاگەیانــــدنی بیســـــتراو لە هەرێـــــم لە ڕاگەیاندنەکانی دیکە ناڕاستگۆترە.

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ١٥ | ٧.٣٨ | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ٥٣ | ٢٦.١٠ | دووەم |
| دڵنیا نیم | ٩٢ | ٤٥.٣٢ | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٤٣ | ٢١.١٨ | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | - |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**چواردەیەم: ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی لە هەرێم و بنەمای ڕاستگۆیی:**

زۆریــنەی بەشــداربوانی ڕاپێــویی تــوێژینەوەکە بە ڕێــژەی (%٣٥.٤٦) کە پــــلەی یەکەمـــی وەرگرتـــووە، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنـی -سـایتەکانی ئینتەرنێت- لە هەرێمـی کوردستاندا زیاتر لە ڕاگەیاندنەکانی دیکە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپــۆرت و بابەتەکانــدا ڕاســتگۆ نــین.**) لە پــلەی دووەمیشــدا (%٣١.٠٣) دڵنیــا نــین، ڕێــژەی (%١٦.٢٥) تەواو لەگەڵیــدان و لە پــلەی ســێیەمدا هــاتووە، پاشــان (%١٤.٢٨) لەگەڵیدا نین و دواپلەش (%٢.٩٥) تەواو لەگەڵیدا نین. ئەمەش مانـای ئەوەیە، کە سـایتەکان بە بەراورد بە ڕاگەیـاندنەکانی تـر،

پتر بنەمای (ڕاستگۆیی) ڕەچاو ناکەن، دەکرێ ئەمەش لە لایەکەوە بگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیی ئەو ڕاگەیاندنە لە توانای شاردنەوەی ناسنامەی بەڕێوەبەرانی و شوێنی پەخشەکەی، لە لاکەی ترەوە بە ئەستەم کۆنترۆڵکردنی لە ڕووی یاساییەوە، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر لایەنی ئێتیکییش جێ دێڵێت. بڕوانە خشتەی (٢٠).

خشتەی (٢٠): ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی لە هەرێم لە ڕاگەیاندنەکانی دیکە ناڕاستگۆترە.

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ٣٣ | ١٦.٢٥ | سێیەم |
| لەگەڵیدام | ٧٢ | ٣٥.٤٦ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٦٣ | ٣١.٠٣ | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٢٩ | ١٤.٢٨ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٦ | ٢.٩٥ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**پانزەیەم: لەبەرچاونەگرتنی ڕاستگۆیی بە هۆکاری بێمەبەست:**

زۆرینەی مامۆستایانی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٣٦.٩٤) کە لە پلەی یەکەمدایە، لەگەڵ ئەوەدان **(لەبەرچاونەگرتنی -ڕاستگۆیی- لە ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان بە هۆی بێئاگایی و نەزانین و تێپەڕبوونە بەسەر کەناڵەکەدا.)** دوای ئەمیش لە پلەی دووەمدا (%٢٣.٦٤) دڵنیا نین، وەک پلەی سێیەمیش (%١٥.٧٦) لەگەڵیدا نین، هەروەها (%١٢.٨٠)ی سامپڵەکە تەواو لەگەڵیدا نین کە لە پلەی چوارەمدایە

و (١٠.٨٣%)یـش تەواو لەگەڵیـدان. ئەم ئەنجـامەش دەرخەری ئەو ڕاســتییەیە کە هێشــتا ڕاگەیانــدنکاری کــورد نەیتوانیــوە ئاســتێکی بەرزی پیشــەیی پێشــکەش بکــات و ئامرازەکــانی ڕاگەیانــدنیش لە هەرێمدا تا ئەندازەیەکی زۆر ناپرۆفێشناڵن. بڕوانە خشتەی (٢١).

خشـــتەی (٢١): (ڕاســـتگۆیی) لە ڕاگەیانـــدنی کوردیـــدا بێمەبەست ڕەچاو ناکرێت.

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ٢٢ | ١٠.٨٣ | پێنجەم |
| لەگەڵیدام | ٧٥ | ٣٦.٩٤ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٤٨ | ٢٣.٦٤ | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٣٢ | ١٥.٧٦ | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٢٦ | ١٢.٨٠ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | ١٠٠% | - |

**شانزەیەم: لەبەرچاونەگرتنی ڕاستگۆیی بە هۆکاری مەبەستدار:**

وەک پلەی یەکەم، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (٥٣.٦٩%) لەگەڵ ئەوەدان (**لەبەرچـاونەگرتنی -ڕاسـتگۆیی- لە ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان "بەمەبەست" و لە بەرامبەر سوود و بەرژەوەندییەکی تایبەت یان دیـاریکراودایە.**) ڕێژەی (٢٤.٦٣%) تەواو لەگەڵیــدان کە پــلەی دووەمــی وەرگرتــووە، دوای ئەمەش (١٧.٧٣%)یــان دڵنیــا نــین کە بە پــلەی ســێیەم هــاتووە، لە پــلەی چوارەمیشــدا (٢.٤٦%) لەگەڵیــدا نــین و کۆتــاپلەش (١.٤٧%) تەواو لەگەڵیــدا نــین. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر کــراونەتە کەناڵێــک بــۆ بەدیهێنــانی ســوود و قــازانجی

دیـاریکراوی کەس یـان لایەن و گرووپـی دیـاریکراو، ئەمەش لەسەر حسابی خزمەت و بەرژەوەندیی گشتی. بڕوانە خشتەی (٢٢).

خشـــتەی (٢٢): (ڕاســـتگۆیی) لە ڕاگەیانـــدنی کوردیـــدا، "بەمەبەست" ڕەچاو ناکرێت.

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ٥٠ | ٢٤.٦٣ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ١٠٩ | ٥٣.٦٩ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٣٦ | ١٧.٧٣ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٥ | ٢.٤٦ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٣ | ١.٤٧ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**حەڤـــدەیەم: ڕاگەیانـــدنی کـــوردی و لەبەرچـــاونەگرتنی بنەمـــای (ڕاستگۆیی) بە هۆکاری سیاسی:**

زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بە ڕێژەی (٥١.٢٣%) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیانـدنی کـوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆکاری سیاسی، بنەمـای -ڕاسـتگۆیی- لە پیـادەکردنی پیشـەکەیدا لەبەرچـاو نـاگرێ.**) لە پـلەی دووەمیشـدا ڕێـژەی (٣٤.٩٧%) تەواو لەگەڵیـدان، (١١.٨٢%)یـش دڵنیـا نـین کە پلەی سێیەمی گرتووە، کۆتـاپلەش بە دووبارەیی ڕێژەی (٠.٩٨%)ە بۆ هەردوو وەڵامـی (لەگەڵیدا نیم، تەواو لەگەڵیدا نیم). ئەمەش ئەوە پیشـــان دەدات، (سیاســـەت) فـــاکتەرێکی دیـــاری پەیڕەونەکردنـــی (ڕاستگۆیی)ـە، وەک پێـوەرێکی گرنگـی ئێتیکـی پیشـەی ڕاگەیانـدن. بڕوانە خشتەی (٢٣).

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ٧١ | ٣٤.٩٧ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ١٠٤ | ٥١.٢٣ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٢٤ | ١١.٨٢ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٢ | ٠.٩٨ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٢ | ٠.٩٨ | چوارەم / د |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

خشتەی (٢٣): ڕاگەیاندنی کوردی، بە هۆکاری سیاسی، (ڕاستگۆیی) ڕەچاو ناکات.

**هەژدەیەم: ڕاگەیاندنی کوردی و لەبەرچاونەگرتنی بنەمای (ڕاستگۆیی) بە هۆکاری ئایدیۆلۆژی:**

زۆرینەی مامۆستایانی بەشداربووی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٤٨.٢٧) کە پلەی یەکەمی گرتووە، لەگەڵ ئەوەدان **(ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆکاری ئایدیۆلۆژی، بنەمای -ڕاستگۆیی- لە پیادەکردنی پیشەکەیدا لەبەرچاو ناگرێ.)** (%٢٣.١٥)ی سامپڵەکەش دڵنیا نین، ڕێژەی (%٢٠.٦٨) تەواو لەگەڵیدان، (%٥.٤١) لەگەڵیدا نین و لە پلەی کۆتاییشدا (%٢.٤٦)ی بەشداربوان تەواو لەگەڵیدا نین. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەخاتە ڕوو ئایدیۆلۆژیای کەس و گرووپ و لایەنە جیاوازەکانی پشت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا هۆکارێکی کاریگەرە بۆ پیادەنەکردنی بنەمای (ڕاستگۆیی) لە میانەی پیشەکەدا. بڕوانە خشتەی (٢٤).

| خشتەی (٢٤): ڕاگەیاندنی کوردی بە هۆکاری ئایدیۆلۆژی، (ڕاستگۆیی) ڕەچاو ناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٤٢ | ٢٠.٦٨ | سێیەم |
| لەگەڵیدام | ٩٨ | ٤٨.٢٧ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٤٧ | ٢٣.١٥ | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | ١١ | ٥.٤١ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٥ | ٢.٤٦ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**نۆزدەیەم: ڕاگەیاندنی کوردی و لەبەرچاونەگرتنی بنەمای (ڕاستگۆیی) بە هۆکاری ئابووری:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (٣٨.٤٢%) کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆکاری ئابووری، بنەمای -ڕاستگۆیی- لە پیادەکردنی پیشەکەیدا لەبەرچاو ناگرێ.**) (٢٧.٥٨%) دڵنیا نین و پلەی دووەمی گرتووە، دوای ئەمانیش (١٥.٧٦%) لەگەڵیدا نین کە لە پلەی سێیەمدا دێت، ئینجا ڕێژەی (١٤.٧٧%) تەواو لەگەڵیدان و دواپلەش (٣.٤٤%) تەواو لەگەڵیدا نین. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەخاتە ڕوو فاکتەری (ئابووری)یش کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ڕادەی لەبەرچاوگرتنی پێوەری (ڕاستگۆیی) هەیە لە لایەن ڕاگەیاندنی کوردییەوە لە هەرێمی کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٢٥).

| خشتەی (٢٥): ڕاگەیاندنی کوردی بە هۆکاری ئابووری، (ڕاستگۆیی) ڕەچاو ناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٣٠ | ١٤.٧٧ | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ٧٨ | ٣٨.٤٢ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٥٦ | ٢٧.٥٨ | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٣٢ | ١٥.٧٦ | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٧ | ٣.٤٤ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**بیستەم: ڕاگەیاندنی کوردی و لەبەرچاونەگرتنی بنەمای (ڕاستگۆیی) بە هۆکاری کۆمەڵایەتی:**

وەک پلەی یەکەم، بەشی زۆری مشتەی وەرگیراوی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (٣٦.٩٤%) لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆکاری کۆمەڵایەتی، بنەمای -ڕاستگۆیی- لە پیادەکردنی پیشەکەیدا لەبەرچاو ناگرێ.**) پلەی دووەمیش بە دووبارەیی ڕێژەی (٣٢.٠١%)ە بۆ هەردوو وەڵامی (دڵنیا نیم، لەگەڵیدا نیم)، پاشان ڕێژەی (٨.٣٧%) تەواو لەگەڵیدان و (٥.٤١%)یش تەواو لەگەڵیدا نین. دەکرێ ئەم ئەنجامەش وا بخوێنرێتەوە کە لایەنی (کۆمەڵایەتی)یش وەک هۆکارێکی جێبایەخ کار دەکاتە سەر ئاستی ڕەچاوکردنی بنەمای (ڕاستگۆیی) لە ڕاگەیاندنی کوردیی هەرێمی کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٢٦).

| خشتەی (٢٦): ڕاگەیاندنی کوردی بە هۆکاری کۆمەڵایەتی، (ڕاستگۆیی) ڕەچاو ناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٧ | ٨.٣٧ | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ٧٥ | ٣٦.٩٤ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٦٥ | ٣٢.٠١ | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٣٥ | ١٧.٢٤ | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ١١ | ٥.٤١ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | ١٠٠% | - |

**بیستویەکەم: ڕاگەیاندنی کوردی و لەبەرچاونەگرتنی بنەمای (ڕاستگۆیی) بە هۆکاری ئایینی:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (٣٤.٩٧%) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان **(ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆکاری ئایینی، بنەمای -ڕاستگۆیی- لە پیادەکردنی پیشەکەیدا لەبەرچاو ناگرێ.)** ڕێژەی (٢٩.٥٥%)یش دڵنیا نین، (١٦.٢٥%) لەگەڵیدا نین، (١٣.٣٠%) تەواو لەگەڵیدان، دواپلەش (٥.٩١%) تەواو لەگەڵیدا نین. دەکرێ ئەمەش وا شرۆڤە بکرێت، کە ڕاگەیاندنی کوردیی هەرێمی کوردستان لەژێر کاریگەریی فاکتەری (ئایین)یش ئەو بنەما بایەخدارەی ئێتیکی پیشەکەی ڕەچاو ناکات. بڕوانە خشتەی (٢٧).

| خشتەی (٢٧): ڕاگەیاندنی کوردی بە هۆکاری ئایینی، (ڕاستگۆیی) ڕەچاو ناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٢٧ | ١٣.٣٠ | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ٧١ | ٣٤.٩٧ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٦٠ | ٢٩.٥٥ | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٣٣ | ١٦.٢٥ | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ١٢ | ٥.٩١ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**بیستودووەم: ڕاگەیاندنی کوردی و لەبەرچاونەگرتنی بنەمای (ڕاستگۆیی) بە هۆکاری دەستپێش (سەبق)ی ڕۆژنامەوانی:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٤٠.٨٨) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆکاری پەلەکردن لە بڵاوکردنەوە و دەستپێشی ڕۆژنامەوانی، بنەمای -ڕاستگۆیی- لە پیادەکردنی پیشەکەیدا لەبەرچاو ناگرێ.**) هەروەها ڕێژەی (%٢٢.١٦) تەواو لەگەڵیدان، (%١٩.٧٠)یش دڵنیا نین، وەک چۆن (%١٣.٧٩) لەگەڵیدا نین و (%٣.٤٤)یش تەواو لەگەڵیدا نین. ئەمەش مانای ئەوە بە دەستەوە دەدات کە دەستپێشی ڕۆژنامەوانی، کە ڕاگەیاندنکارانی هەرێم وەک هۆکارێک بۆ زووتر گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و بەدەستهێنانی زۆرترین وەرگر و گەورەترین متمانە پەنای بۆ دەبەن، هەندێ جار بە پێچەوانەی ئامانجەکان، ئەو کارە دەبێتە

هۆی ناڕاستگۆیی و فەرامۆشکردنی بنەمایەکی گرنگی ئێتیکی پیشە. بڕوانە خشتەی (٢٨).

| خشتەی (٢٨): دەستپێشی ڕۆژنامەوانی هۆکارێکی ڕەچاونەکردنی بنەمای (ڕاستگۆیی)یە. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٤٥ | ٢٢.١٦ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ٨٣ | ٤٠.٨٨ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٤٠ | ١٩.٧٠ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٢٨ | ٧٩.١٣ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٧ | ٣.٤٤ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**بیستوسێیەم: ڕاگەیاندنی کوردی و لەبەرچاونەگرتنی بنەمای (ڕاستگۆیی) بە هۆکاری تاکەکەسی و بەرژەوەندیی تایبەت:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٤٣.٨٤) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆکاری تاکەکەسی -الشخصیة- و بەرژەوەندیی تایبەت، بنەمای -ڕاستگۆیی- لە پیادەکردنی پیشەکەیدا لەبەرچاو ناگرێ.**) پلەی دووەمیش بە دووبارەیی ڕێژەی (%٣٢.٠١)ە بۆ هەردوو وەڵامی (تەواو لەگەڵیدام، دڵنیا نیم)، دوای ئەمانەش ڕێژەی

(٦.٨٩%) دێت بۆ (لەگەڵیدا نیم)، دوایین پلەش (٠%)ە کە تەواو لەگەڵیدا نین. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات، فاکتەری (تاکەکەسی) کاریگەریی دیاری لەسەر ئاستی پیادەکردنی پێوەری (ڕاستگۆیی) هەیە لە ڕاگەیاندنی کوردیی هەرێمی کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٢٩).

| خشتەی (٢٩): ڕاگەیاندنی کوردی، بە هۆکاری تاکەکەسی (ڕاستگۆیی) ڕەچاو ناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٦٥ | ٣٢.٠١ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ٨٩ | ٤٣.٨٤ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٣٥ | ١٧.٢٦ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ١٤ | ٦.٨٩ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | - |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | ١٠٠% | - |

**بیستوچوارەم: ڕاگەیاندنی کوردی و ڕەچاوکردنی (وردی) لە کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (٥٦.١٥%) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لە کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکاندا وردی -الدقة- ڕەچاو ناکات.**) پاشان ڕێژەی (٣٤.٤٨%) تەواو لەگەڵیدان، دوای ئەمانەش (٦.٨٩%) دڵنیا نین، ئینجا ڕێژەی (١.٤٧%) لەگەڵیدا نین و (٠.٩٨%)یش تەواو لەگەڵیدا نین. ئەمەش مانای ئەوەیە ڕاگەیاندنی کوردی لە

هەرێمی کوردستاندا لە کۆکردنەوەی فاکت و داتا پێویستەکاندا تا ئەندازەیەکی زۆر دیقەتی نییە. بڕوانە خشتەی (٣٠).

| خشتەی (٣٠): ڕاگەیاندنی کوردی، لە کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا (وردی) ڕەچاو ناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٧٠ | ٣٤.٤٨ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ١١٤ | ٥٦.١٥ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ١٤ | ٦.٨٩ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٣ | ١.٤٧ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٢ | ٠.٩٨ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**بیستوپێنجەم: ڕاگەیاندنی کوردی و ڕەچاوکردنی (بابەتیبوون، هاوسەنگی، بێلایەنی) لە کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٥٣.٢٠) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لە کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکاندا بابەتیبوون و هاوسەنگی و بێلایەنی ڕەچاو ناکات. هەندێ داتا و فاکت دەشارێتەوە و بایەخ بە هەندێکی تر دەدات.**) هەر وەک ڕێژەی (%٣٦.٤٥) تەواو لەگەڵیدان، (%٨.٣٧) دڵنیا نین، هەروەها (%١.٩٧) لەگەڵیدا نین و (%٠)یش تەواو لەگەڵیدا نین. ئەم ئەنجامەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەو ڕاگەیاندنە لە کۆکردنەوەی فاکت و داتا

پێویستەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر بابەتی نییە، هاوسەنگی ناپارێزێت و بێلایەنیی پیشەییش لەبەرچاو ناگرێت. بڕوانە خشتەی (٣١).

| خشتەی (٣١): ڕاگەیاندنی کوردی لە کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا (بابەتیبوون، هاوسەنگی و بێلایەنی) ڕەچاو ناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٧٤ | ٣٦.٤٥ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ١٠٨ | ٥٣.٢٠ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ١٧ | ٨.٣٧ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٤ | ١.٩٧ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | - |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**بیستوشەشەم: ڕاگەیاندنی کوردی و ڕەچاوکردنی (ڕاستی، دروستی) لە گواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٤٨.٢٧) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لە گواستنەوە و سازاندنی داتا و زانیارییەکاندا ڕاستی و دروستی ڕەچاو ناکات و فاکتەکان دەشێوێنێت.**) ڕێژەی (%٢٤.٦٣)ی سامپڵەکەش تەواو لەگەڵیدان، هەروەها (%٢٠.٦٨) دڵنیا نین، هاوکات ڕێژەی (%٦.٤٠) لەگەڵیدا نین و (%٠)یش کە بە دواپلە هاتووە، تەواو لەگەڵیدا نین. ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمدا لە دارشتن و گەیاندنی

هەواڵ و زانیارییەکاندا تا ئاستێکی بەرچاو ڕاستی و دروستی لەبەرچاو ناگرێت. بڕوانە خشتەی (٣٢).

| خشتەی (٣٢): ڕاگەیاندنی کوردی لە گواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا (ڕاستی، دروستی) ڕەچاو ناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٥٠ | ٢٤.٦٣ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ٩٨ | ٤٨.٢٧ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٤٢ | ٢٠.٦٨ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ١٣ | ٦.٤٠ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | - |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**بیست و حەوتەم: ڕاگەیاندنی کوردی و ڕەچاوکردنی (وردی) لە گواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٤٧.٢٩) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لە گواستنەوە و سازاندنی داتا و زانیارییەکاندا وردی -الدقة- ڕەچاو ناکات.**) ڕێژەی (%٣٤.٤٨)یش تەواو لەگەڵیدان، وەک چۆن (%١٢.٣١)ی بەشداربوان دڵنیا نین، هەروەها (%٥.٩١) لەگەڵیدا نین و (%٠)یش تەواو لەگەڵیدا نین.

لەمەشەوە دەردەکەوێت ئەو ڕاگەیاندنە لە دارشتن و گەیاندنی فاکت و داتا پێویستەکاندا تا ئەندازەیەکی دیار دیقەتی نییە. بڕوانە خشتەی (٣٣).

| خشتەی (٣٣): ڕاگەیاندنی کوردی لە گواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا (وردی) ڕەچاو ناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٧٠ | ٣٤.٤٨ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ٩٦ | ٤٧.٢٩ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٢٥ | ١٢.٣١ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ١٢ | ٥.٩١ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | - |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**بیستوهەشتەم: ڕاگەیاندنی کوردی و ڕەچاوکردنی (بابەتیبوون، هاوسەنگی، بێلایەنی) لە گواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٥٨.٦٢) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لە گواستنەوە و سازاندنی داتا و زانیارییەکاندا بابەتیبوون و هاوسەنگی و بێلایەنی ڕەچاو ناکات. هەندێ داتا و فاکت دەشارێتەوە و بایەخ بە هەندێکی تر دەدات.**) ڕێژەی (%٢٦.٦٠) تەواو لەگەڵیدان، (%١٢.٨٠) دڵنیا نین، (%١.٩٧) لەگەڵیدا نین و (%٠)یش تەواو لەگەڵیدا نین. ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە ڕاگەیاندنی کوردیی هەرێمی کوردستان لە گواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا تا ئاستێکی دیار بابەتیبوون ڕەچاو ناکات، هاوسەنگ نییە و بێلایەنیی پیشەییش لەبەرچاو ناگرێت. بڕوانە خشتەی (٣٤).

| خشتەی (٣٤): ڕاگەیاندنی کوردی، لە گواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا (بابەتیبوون، هاوسەنگی و بێلایەنی) ڕەچاو ناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٥٤ | ٢٦.٦٠ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ١١٩ | ٥٨.٦٢ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٢٦ | ١٢.٨٠ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٤ | ١.٩٧ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | - |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**بیستونۆیەم: ڕاگەیاندنی کوردی و پشتبەستن بە بەڵگەنامەی پێویست لە پێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (٤٥.٨١%) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لە پێشکەشکردنی مەتریاڵە میدیاییەکاندا پشت بە دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامەی پێویست نابەستێت.**) بە ڕێژەی (٢٦.٦٠%)یش تەواو لەگەڵیدان، هەروەها (٢٢.٦٦%)ی بەشداربوان دڵنیا نین، (٣.٩٤%)یش لەگەڵیدا نین و (٠.٩٨%)یش تەواو لەگەڵیدا نین. ئەنجامەکانیش ئەوە ڕوون دەکەنەوە، ئەو ڕاگەیاندنە لە هەرێمدا تا ڕادەیەکی بەرچاو لە خستنەڕووی بابەتەکاندا پەنا بۆ بەڵگەنامەی پێویست نابات و بەبێ دۆکیۆمێنت پێشکەشیان دەکات. بڕوانە خشتەی (٣٥).

| خشتەی (٣٥): ڕاگەیاندنی کوردی لە پێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا پشت بە دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامە نابەستێت. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٥٤ | ٢٦.٦٠ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ٩٣ | ٤٥.٨١ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٤٦ | ٢٢.٦٦ | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٨ | ٣.٩٤ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٢ | ٠.٩٨ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**سێیەم: ڕاگەیاندنی کوردی و شێواندنی بەڵگەنامەکان لە پێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٣٧.٤٣) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، دڵنیا نین لەوەی کە (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لە پێشکەشکردنی مەتریاڵە میدیاییەکاندا دەستکاریی دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامەکان دەکا و دەیانشێوێنێت.**) ڕێژەیەکی نزیک لەمەش کە (%٩٧.٣٤)ە، لەگەڵیدان و لە پلەی دووەم دێت، هەر وەک (%٢١.١٨)یش لە پلەی سێیەمدا تەواو لەگەڵیدان، لە بەرامبەریشدا (%٤.٤٣) لەگەڵیدا نین و (%١.٩٧)یش تەواو لەگەڵیدا نین. دەکرێ ئەمەش بەو جۆرە بخوێنرێتەوە کە سەرباری ئەوەی ڕێژەیەکی بەرچاوی سامپڵەکە لەو بارەیەوە دڵنیا نین، بەڵام دوو ڕێژەکەی دیکە ڕاستیی گوزارشتەکە دەسەلمێنن، بەوەی ڕاگەیاندنی باسکراو بەڵگەنامەکان دەشێوێنێت. بڕوانە خشتەی (٣٦).

| خشتەی (٣٦): ڕاگەیاندنی کوردی، لە پێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا بەڵگەنامەکان دەشێوێنێت. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٤٣ | ١٨.٢١ | سێیەم |
| لەگەڵیدام | ٧١ | ٣٤.٩٧ | دووەم |
| دڵنیا نیم | ٧٦ | ٣٧.٤٣ | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٩ | ٤.٤٣ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٤ | ١.٩٧ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**سێیەک: ڕاگەیاندنی کوردی و شێواندنی لێدوان و زانیارییە وەرگیراوەکان لە پێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٣٨.٤٢) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لە پێشکەشکردنی مەتریاڵە میدیاییەکاندا دەستکاریی لێدوان و زانیارییە وەرگیراوەکان دەکا و دەیانشێوێنێت.**) دوای ئەو ڕێژەیەش (%٣٥.٤٦) دێت کە بە (دڵنیا نیم) وەڵامیان داوەتەوە، پاشان ڕێژەی (%٢٠.٦٨) تەواو لەگەڵیدان، لە پلەی چوارەم و پێنجەمیشدا (%٤.٩٢) لەگەڵیدا نین و (%٠.٤٩) تەواو لەگەڵیدا نین. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمدا زانیاری و وتە وەرگیراوەکان دەستکاری دەکات و دەیانگۆڕێت. بڕوانە خشتەی (٣٧).

خشـــتەی (٣٧): ڕاگەیانــدنی کــوردی، لە پێشکەشــکردنی مەتریاڵەکاندا زانیارییە وەرگیراوەکان دەشێوێنێت.

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ٤٢ | ٢٠.٦٨ | سێیەم |
| لەگەڵیدام | ٧٨ | ٣٨.٤٢ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٧٢ | ٣٥.٤٦ | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | ١٠ | ٤.٩٢ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیـــدا نیم | ١ | ٠.٤٩ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**سیودووەم: ڕاگەیاندنی کوردی و شێواندن یان گۆڕینی فۆتۆ (جووڵاو و وەستاو)ەکان لە پێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا:**

زۆریـنەی بەشـداربوانی ڕاپێـویی تـوێژینەوەکە بە ڕێـژەی (%٤٦.٣٠) کە لە پـــلەی یەکەمـــدا دێـــت، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لە پێشکەشکردنی مەتریـاڵە میدیاییەکانـدا دەسـتکاریی وێنە و فۆتـۆ -جـووڵاو و وەستاو-ەکان دەکا و دەیانشـێوێنێت، یان وێنەی تر لەبریان دادەنێــت.**) هەروەهــا (%٣٣.٩٩) دڵنیــا نــین، بە ڕێژەیەکــی یەکســانیش (%٩.٨٥) تەواو لەگەڵیـدان/ لەگەڵیـدا نـین، ڕێـژەی (%٠)یـش تەواو لەگەڵیـدا نـین کە دواهەمـین پـلە وەردەگرێـت. دەتــوانرێ ئەم ئەنجــامەش بەوە لێــک بــدرێتەوە، کە ئەو ڕاگەیاندنە لە هەرێمی کوردستاندا لە خستنەڕووی پەیامەکانیدا فۆتـۆ و ڤیـدیۆکان تێـک دەدا و دەیانگۆڕێـت. بـڕوانە خشـتەی (٣٨).

خشتەی (٣٨): ڕاگەیاندنی کوردی لە پێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا فۆتۆ و ڤیدیۆکان دەشێوێنێت یان دەگۆڕێت.

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ٢٠ | ٩.٨٥ | سێیەم |
| لەگەڵیدام | ٩٤ | ٤٦.٣٠ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٦٩ | ٣٣.٩٩ | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٢٠ | ٩.٨٥ | سێیەم/ د |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | - |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**سیوسێیەم: ڕاگەیاندنی کوردی و تێکەڵکردنی بۆچوون و زانیاری لە پێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٥٦.١٥) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لە پێشکەشکردنی مەتریاڵە میدیاییەکاندا بۆچوون و تێڕوانینەکان تێکەڵی داتا و زانیارییەکان دەکات.**) ڕێژەی (%٢٥.١٢) دڵنیا نین، (%١٤.٢٨)یش تەواو لەگەڵیدان، (%٤.٤٣) لەگەڵیدا نین و (%٠)یش لە دوایین پلەدا تەواو لەگەڵیدا نین. دەکرێ ئەمەش وا شی بکرێتەوە، کە ئەو ڕاگەیاندنە تا ڕادەیەکی بەرچاو نەیتوانیوە جیاکاری لە نێوان فاکت و کۆمێنتدا بکات، وەک چۆن ئەمە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن. بڕوانە خشتەی (٣٩).

| خشتەی (٣٩): ڕاگەیاندنی کوردی لە پێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا، بۆچوون و زانیاری تێکەڵ دەکات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٢٩ | ١٤.٢٨ | سێیەم |
| لەگەڵیدام | ١١٤ | ٥٦.١٥ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٥١ | ٢٥.١٢ | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٩ | ٤.٤٣ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٠ | ٠ | - |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | ١٠٠% | - |

**سیوچوارەم: ڕاگەیاندنی حزبەکانی حکومڕان و بنەمای (ڕاستگۆیی):**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی تویژینەوەکە بە ڕێژەی (٣٨.٤٢%) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، تەواو لەگەڵ ئەوەدا نین (**ڕاگەیاندنە حزبییەکان -ئەوانەی حزبەکانی حکومڕان- پتر بنەمای -ڕاستگۆیی- لەبەرچاو دەگرن.**) ڕێژەی (٢٢.٦٦%)یش دڵنیا نین و هەمان ڕێژەش لەگەڵیدا نین و پلەی دووەمیان وەرگرتووە، هەروەها (١٠.٨٣%) لەگەڵیدان، دواپلەش (٥.٤١%)یش تەواو لەگەڵیدان. ئەمەش ئەوە دەردەخات ڕاگەیاندنی حزبە حکومڕانەکانی هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستبێژ نەبوون، نەیانتوانیوە لە گەیاندنی پەیامەکانیاندا پێوەری (ڕاستگۆیی) ڕەچاو بکەن. بڕوانە خشتەی (٤٠).

| خشـــتەی (٤٠): ڕاگەیانـــدنی حزبەکـــانی حکـــومڕان، زیـــاتر (ڕاستگۆیی) ڕەچاو دەکەن. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١١ | ٥.٤١ | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ٢٢ | ١٠.٨٣ | سێیەم |
| دڵنیا نیم | ٤٦ | ٢٢.٦٦ | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٤٦ | ٢٢.٦٦ | دووەم/ د |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٧٨ | ٣٨.٤٢ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**سیوپێنجەم: ڕاگەیاندنی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و بنەمای (ڕاستگۆیی):**

زۆریـــنەی بەشـــداربوانی ڕاپێـــویی تـــوێژینەوەکە لە پـــلەی یەکەمـــدا بە ڕێـژەی (%٣٣.٤٩) دڵنیـــا نـــین لەوەی (**ڕاگەیانـــدنە حزبییەکان -ئەوانەی حزبەکـانی ئۆپۆزسـیۆن- پتر بنەمـای - ڕاســـتگۆیی- لەبەرچـــاو دەگـــرن.**) وەک چـــۆن بە ڕێـــژەی (%٢٦.٦٠) لەگەڵیــــدان کە لە پــــلەی دووەمــــدایە، لە پــــلەی سێیەمیشـــدا ڕێـــژەی (%١٧.٧٣) دێـــت کەوا لەگەڵیـــدا نـــین، بە ڕێژەیەکـــی نزیـــک لەمەش (%١٤.٧٧) تەواو لەگەڵیـــدا نـــین و (%٧.٣٨)یـــــش تەواو لەگەڵیـــــدان. ئەمەش مانـــــای ئەوەیە، مامەڵەکردنی ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ بنەمای ڕاستگۆییدا لە هەمـوو دۆخ و حاڵەتەکاندا وەکو یەک نەبووە، هەندێ جار ڕەچـاوی کـردووە و هەنـدێک جـاری دیـکەش پێـیەوە پابەنـد نەبـــووە، ئەمەش پتـــر بـــۆ جیـــاوازیی هەلـــومەرجی سیاســـی دەگەڕێتەوە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر. بڕوانە خشتەی (٤١).

| خشتەی (٤١): ڕاگەیاندنی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، زیاتر (ڕاستگۆیی) ڕەچاو دەکەن. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٥ | ٧.٣٨ | پێنجەم |
| لەگەڵیدام | ٥٤ | ٢٦.٦٠ | دووەم |
| دڵنیا نیم | ٦٨ | ٣٣.٤٩ | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٣٦ | ١٧.٧٣ | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٣٠ | ١٤.٧٧ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**سیوشەشەم: ڕاگەیاندنە حکومییەکان و بنەمای (ڕاستگۆیی):**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%٣٥.٤٦) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، دڵنیا نین کە (**ڕاگەیاندنە حکومییەکان پتر بنەمای -ڕاستگۆیی- لەبەرچاو دەگرن.**) لە پلەی دووەمیشدا ڕێژەی (%٢٧.٠٩) لەگەڵیدا نین، (%٢٢.١٦)یش تەواو لەگەڵیدا نین کە بە پلەی سێیەم دێت، هەروەها ڕێژەی (%١٣.٣٠) لەگەڵیدان و (%١.٩٧)یش تەواو لەگەڵیدان کە دواپلەیە. ئەم ئەنجامەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو ڕاگەیاندنانە بە ئەندازەیەکی زۆر کەم توانیویانە ئەو بنەمایە ڕەچاو بکەن و لەو ڕوانگەیەوە بڕوا بە وەرگری کوردی لە هەرێمی کوردستان بهێنن. بڕوانە خشتەی (٤٢).

خشتەی (٤٢): ڕاگەیاندنە حکومییەکان زیاتر (ڕاستگۆیی) ڕەچاو دەکەن.

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| تەواو لەگەڵیدام | ٤ | ١.٩٧ | پێنجەم |
| لەگەڵیدام | ٢٧ | ١٣.٣٠ | چوارەم |
| دڵنیا نیم | ٧٢ | ٣٥.٤٦ | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٥٥ | ٢٧.٠٩ | دووەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ٤٥ | ٢٢.١٦ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

**سیوحەوتەم: ڕاگەیاندنە ناحزبی و ئەهلییەکان و بنەمای (ڕاستگۆیی):**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپێویی تویژینەوەکە بە ڕێژەی (٣٥.٩٦%) کە بە پلەی یەکەم هاتووە، لەگەڵ ئەوەدان (**ڕاگەیاندنە ناحزبی و ئەهلییەکان پتر بنەمای -ڕاستگۆیی- لەبەرچاو دەگرن.**) لە پلەی دووەمیشدا (٣٤.٤٨%) دڵنیا نین، هاوکات ڕێژەی (٩.٣٥%) تەواو لەگەڵیدان، (١٢.٨٠%) لەگەڵیدا نین و (٧.٣٨%)یش تەواو لەگەڵیدا نین کە لە پلەی کۆتاییدا دێت. بەو پێیەی ڕێژەی زۆرینە ئەو بۆچوونەیان قبوڵە، دەری دەخات ئەو جۆرە ڕاگەیاندنانە لە ڕێگەی ڕەچاوکردنی ئەو بنەمایەوە زیاتر توانیویانە متمانەی وەرگر بۆ خۆیان بە دەست بهێنن. دەربارەی ڕێژەی دووەمیش کە لە دروستیی بۆچوونەکە دڵنیا نین، دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ بابەت و مەتریاڵی ئەو ڕاگەیاندنانە کە وردیی زۆریان تێدا بەکار نەهاتووە و

چوونەتە قاڵبی ناڕاستگۆییەوە، بە هۆیەوە دووچاری گرفتی یاسایی بوون. بڕوانە خشتەی (٤٣).

| خشتەی (٤٣): ڕاگەیاندنە ناحزبی و ئەهلییەکان زیاتر (ڕاستگۆیی) ڕەچاو دەکەن. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٩ | ٩.٣٥ | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ٧٣ | ٣٥.٩٦ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٧٠ | ٣٤.٤٨ | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | ٢٦ | ١٢.٨٠ | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدا نیم | ١٥ | ٧.٣٨ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٣ | %١٠٠ | - |

## دەرەنجام:

لە کۆتـــایی تـــوێژینەوەکە و دوای تـــاوتوێکردنی تیـــۆریی بـابەتی سـەرەکی و دەرکەوتنی تێڕوانینی بەرتـوێژان و پاشـان شرۆڤەکردنیان، توێژەر دەگاتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

١. (ڕاسـتگۆیی) واتە کـۆکردنەوە و گواسـتنەوەی زانیـاری، ڕوومـاڵکردنی ڕووداوەکـان، نووسـین و سـازاندن و پەخـش و بڵاوکـردنەوەی مەتریـاڵە میـدیاییەکان بە شـێوەیەکی بـابەتی و هاوسەنگ و ورد و ڕاست و دروست.

٢. لەبەرچـــاونەگرتنی بنەمـــای (ڕاســـتگۆیی) لە کـــاری ڕاگەیاندندا کاریگەریی نەرێنی لەسەر پیشـەکە جێ دەهێڵێت و دەبێتە هۆی چەواشەبوونی ڕای گشتی.

٣. ڕاگەیانـــدنی کـــوردی لە هەرێمـــی کوردســـتاندا بە شێوەیەکی گشتی بنەماکانی ئێتیکی پیشە ڕەچاو ناکات.

٤. (ڕاستگۆیی) لە پێشـەوەی ئەو پێوەرانەی ئێتیکی پیشـەیە کە ڕاگەیانـدن لە هەرێمـی کوردسـتاندا تـا ئەنـدازەیەکی زۆر لەبەرچاوی ناگرێت.

٥. لەبەرچاونەگرتنی (ڕاستگۆیی) لە ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستاندا، بە مەبەست، لە بەرامبەر سوود و بەرژەوەندییەکی تایبەت یان دیاریکراودایە.

٦. ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی زۆرترین پشکی لە نێو ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندندا لە هەرێمی کوردستاندا بەردەکەوێت، لە ڕووی گرنگینەدانی بە پێوەری (ڕاستگۆیی) ڕاگەیاندنەوە.

٧. هۆکارەکانی ڕەچاونەکردنی (ڕاستگۆیی) لە ڕاگەیاندنی کوردیی هەرێمی کوردستاندا، بریتیین لە: سیاسی، تاکەکەسی و بەرژەوەندیی تایبەت، ئایدیۆلۆژی، دەستپێشی ڕۆژنامەنووسی، ئابووری، ئایینی، کۆمەڵایەتی.

٨. فاکتەری سیاسی، بە کاریگەرترین فاکتەر هەژمار دەکرێت بۆ پابەندنەبوونی ڕاگەیاندنی کوردی بە بنەمای (ڕاستگۆیی) لە هەرێمی کوردستاندا.

٩. پشتنەبەستنی ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی بە بەڵگە و دۆکیۆمێنتی جدی لە سازاندنی پەیامە میدیاییەکان کە بڵاویان دەکاتەوە و دەیانخاتە بەردەم وەرگر.

١٠. ڕاگەیاندنە ناحزبی و ئەهلییەکان لە هەرێمی کوردستاندا پتر بنەمای (ڕاستگۆیی) لەبەرچاو دەگرن. لە بەرامبەریشدا، ڕاگەیاندنە حزبییەکان و ڕاگەیاندنە حکومییەکان کەمتر ڕەچاوی ئەو بنەمایە دەکەن.

## ڕاسپاردە و پێشنیار:

پاش خستنەڕووی دەرەنجامەکانیش، توێژەر کۆمەڵێ ڕاسپاردە و پێشنیا لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەچاوکردنی بنەماکانی ئێتیکی پیشە، بە تایبەت (ڕاستگۆیی) لە لایەن ڕاگەیاندنی کوردی پێشکەش دەکات:

**أ. ڕاسپاردە:**

١. سازکردنی خولی بەردەوامی ڕاگەیاندن و ئەکادیمی لە لایەن دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ پێگەیاندنی کادری پیشەیی و ناسەوان (مەعریفی).

٢. پشتگیریکردنی پرۆسەکانی وەرچەرخانی ئەکادیمیی ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، و دوورکەوتنەوە لە وەستان بە ڕوویدا، لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتدا.

٣. دامەزراندنی ئەنجومەنێکی باڵای ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، لەسەر بنچینەی ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان ئازادیی ڕاگەیاندن و ئازادیی تاک و کۆمەڵ.

٤. گەڵاڵەکردنـی پەیماننـامەیەکی شــەرەف بـۆ ڕاگەیانـدنکارانی هەرێمی کوردستان، کە لانیکەم زۆرینە لەسەری کۆک بن و پێیەوە پابەند بن، بۆ ئەوەی ببێتە کارنامەی ئێتیکی و پیشەیی بۆیان.

**ب. پێشنیار:**

١. تــوێژەری تـر، تـوێژینەوەی زانســتی ســەبارەت بە ئاســتی ڕەچاوکردنی بنەماکانی دیکەی ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن بکات.

٢. توێژەری دیکە، بە ڕێبازی تری زانستی توێژینەوە لەو بارەیەوە بکات.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: کتێب:

### أ. بە زمانی کوردی:

١. ڕێبوار سیوەیلی: نووسین و بەرپرسیاری، چ٢ (سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦).

٢. هێرش ڕەسوڵ (دکتۆر): ئیتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا، (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٣).

٣. هێرش ڕەسوڵ: ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (١٩٩٣-٢٠٠٧)، (سلێمانی: لە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی "چاودێر"، ٢٠٠٩).

### ب. بە زمانی عەرەبی:

٥. بسام عبدالرحمن المشاقبة: أخلاقيات العمل الاعلامی، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٢)، ص ص١٣٠-١٣١.

٦. جورج صدقه (الدكتور): الأخلاق الاعلامية بين المبادئ والواقع، (بيروت: مؤسسة مهارات، ١٩٩٩)، ص١٥.

٧. عطاالله شاكر أحمد (الدكتور): إدارة المؤسسات الاعلامية، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١١)، ص١٠٣.

٨. محمد منير حجاب (الدكتور): المعجم الإعلامی، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤) ص ص٣٣– ٣٤.

٩. مصطفى حسيبة (الدكتور): المعجم الفلسفي، (عمان: دار اسامة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩).

### ج. بە زمانی ئینگلیزی:

10. A. David Gordon, John Michael Kitttoss: Controversies in Media Ethics, 2nd edn. (New York: Longman, 1999).

11. Lee Wilkins, Clifford G. Christians (ed.): The Handbook of Mass Media Ethics, (Stephen J. A. Ward: Truth and Objectivity), (New York, London: Routledge, 2009).

12. Andrew Belsey, Ruth Chadwick: Ethical Issues in Journalism and the Media, (New York, London: Routledge, 1992).

13. Philip Patterson, Lee Wikins: Media Ethics: Issues and Cases, 6th edn. (New York: Higher Education, 2008).

**دووەم: گۆڤار و ڕۆژنامە:**

١٤. گوڵان (سازكردن): چاوپێكەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و پرۆفیسۆر بیل كۆڤاریك، گوڵان (گۆڤار)، ژمارە ٦٨٠، ساڵی چواردەیەم، ٢١ی نیسانی ٢٠٠٨، ل٢٣.

**سێیەم: محازەرە:**

١٥. د. هێرش ڕەسوڵ: ئێتیك و یاسای ڕاگەیاندن، كۆمەڵێ محازەرەیە، پێشكەشی خوێندكارانی خوێندنی باڵای ڕاگەیاندن (ماستەر) كراوە، بەشی ڕاگەیاندن -سكوڵی زانستە مرۆڤایەتییەكان- زانكۆی سلێمانی، ٢٠١٣-٢٠١٤.

**چوارەم: سەرچاوەی ئەلیكترۆنی:**

١٦. محمد شرعي أبو زيد (الدكتور) (إعداد): أخلاقيات المهنة (دراسة مقرر)، جامعة الطائف- كلية الآداب. دراسة مقررة متاح على العنوان الإلكتروني الآتي:
http://www.sharei.net/stud/s_t_343_ff/1404104.pdf?UserID=1404104

**پێنجەم: پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی:**

١٧. پەیماننامەی ئێتیكیی ئاژانسی یونایتدپرێس (UPI).

١٨. پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان – ساڵی ١٩٥٤ لە لایەن ئەنجومەنی فیدراسیۆنەوە ڕاگەیەنراوە، دواتر ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن هەمان ئەنجومەنەوە هەموار كراوەتەوە.

١٩. پەیماننامەی شەرەفی كۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسە پرۆفێشناڵەكان ١٩٧٢.

٢٠. پەیماننامەی نێودەوڵەتیی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی.

٢١. ڕاگەیاندنی كۆمەڵەی سەرنووسەرانی ڕۆژنامەكانی ئەمەریكا سەبارەت بە ئێتیكی پیشە.

**شەشەم: ئاماری ڕەسمی:**

٢٢. بەڕێوەبەرایەتیی ئامار و نەخشەكێشانی زانكۆی سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠١٣.

## سوپاس و پێزانین

لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی تایبەتی کاک ئازاد بەرزنجی و (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) بکەم کە ئەرکی چاپکردنی ئەم توێژینەوەیەیان گرتە ئەستۆ.
نمونەیان زۆر بێت.

## سەرنج

- ئەم ناملیکەیە لە بنەڕەتدا توێژینەوەیەکی زانستییە بە ناونیشانی (ئاستی ڕاستگۆیی میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستاندا - توێژینەوەیەکی مەیدانییە-)، کە لە ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ی گۆڤاری ئەکادیمیی (زانکۆی ڕاپەڕین) بڵاو کراوەتەوە.

- وێڕای سوپاس و پێزانینم، لەگەڵ بەشێکی ڕێنوسی ئەم توێژینەوەیە نیم بەمشێوەیە ئێستای (بەتایبەت لە بابەتی دو واو، حەوتی ژێر - ر-ی سەرەتا، وشەی لێکدراو...)، بەڵام دیارە هاوڕێیانم لە دەزگای سەردەم ڕێنوسی توێژینەوەکەیان لەگەڵ ڕێنوسی پەسەندکراوی خۆیاندا یەکخستوە، منیش ڕێزم لە ستایلەکەی ئەوان گرت و قبوڵمکرد.

**هێرش ڕەسوڵ**

## کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر:

١. ڕۆژنـامەی ئەهلـی لە باشـوری کوردسـتان- تـوێژینەوە- هەولێـر، ٢٠٠٦

٢. میدیا و دەسەڵات- کۆدیدار- سلێمانی، ٢٠٠٨

٣. ئازادیی ڕادەبڕین لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا -توێژینەوە- سلێمانی ٢٠٠٩

٤. دانپیانانی کوژراوێک- کۆچیرۆک- سلێمانی ٢٠١٢

٥. ئێتیک و یاسـا لە میـدیای کوردیـدا- تـوێژینەوە و وتـار- سـلێمانی ٢٠١٣

٦. ڕێـبەری ڕێگـرتن لە هانـدانی تونـدوتیژی لە دەزگاکـانی میـدیای کوردیــدا- ســلێمانی ٢٠١٣- (بە هاوبەشــی لەگەڵ چەنــد ئەکــادیمی و ڕاگەیاندنکارێک، بە سەرپەرشتیی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE)

٧. الوظيفة الرقابية للصحافة -توێژینەوە- بیروت، ٢٠١٥.

٨. ئێتیکـی ڕاگەیانـدن و ڕومـاڵی هەڵبـژاردن (ڕێبەرێکـی کردەیـی بـۆ ڕاگەیاندنکاران)- نووسین و ئامادەکردن- سلێمانی ٢٠١٧

**ئامادەی چاپن:**

١. ئێتیکی ڕاگەیاندن.. ڕێبەرێکی کردەیی بۆ ڕاگەیاندنکاران- نووسین و ئامادەکردن.

٢. دەروازەیەک بۆ سۆسیۆلۆژیای ڕاگەیاندن - نووسین و ئامادەکردن.

٣. سەرەتایەک دەربارەی یاسای ڕاگەیاندن - نووسین و ئامادەکردن.

٤. سـتوون لە ڕۆژنامەنووسـیی کوردیـدا - تـوێژینەوە (بە هاوبەشـی لەگەڵ م. محەمەد بابۆڵی)

٥. ڕۆژنامەنووسـیی لۆکـاڵی (ڕانـیە ١٩٩١-٢٠١٥) - تـوێژینەوە (بە هاوبەشی لەگەڵ م. ئاراز ڕەمەزان).

٦. سۆشیاڵ میدیا و گەنجی کورد - توێژینەوە (بە هاوبەشی لەگەڵ م. تاژان دڵشاد).

٧. النظـامين السـلطوي والشـيوعي للصـحافة والعلاقـة بينهمـا - (بە هاوبەشی لەگەڵ پ. ی. د. هێمن مەجید).

٨. الوظيفة الثقافية للصحافة – توێژینەوە.

## دەربارەی نووسەر:

- پ. ی. د. هێرش ڕەسوڵ موراد.
- ی. سەرۆکی زانکۆی ڕاپەڕین بۆ کاروباری خوێندکاران.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئەکادیمیی (زانکۆی ڕاپەڕین).
- شارەزای میدیایی لە (ناوەندی ڕۆشنگەریی چاودێر) و ڕاوێژکاری گۆڤاری (دابڕان).
- لەدایکبووی ١٩٨٢/٩/١، ڕانیە.
- بەکالۆریۆس (٢٠٠٤)، ماستەر (٢٠٠٨)، دکتۆرا (٢٠١١) لە ڕاگەیاندن.
- وەک سەرپەرشت، یان سەرۆک و ئەندامی لیژنە، لە چەند وتووێژێکی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرادا بەشدار بووە..
- بە پێشکەشکردنی توێژینەوە، یان بابەت و وانە، بەشداریی لە کۆمەڵێ کۆنفرانس و سیمپۆزیەم و خول و ۆرکشۆپدا کردووە لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.
- چەند وانەیەکی پەیوەست بە (ئێتیک و یاسای ڕاگەیاندن، ژانر و پراکتیکی ڕۆژنامەوانی، کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن)ی لە چەند زانکۆ و پەیمانگایەکدا وتووەتەوە.
- یەکێک بووە لە ڕاسپێرراوانی تیمی ڕاگەیاندن بۆ ئامادەکردنی (ئینسکلۆپیدیای پارێزگای سلێمانی)، کە لە لایەن (UNESCO)ەوە سەرپەرشتی دەکرێت.
- لە ١٩٩٥ەوە دەستی بە کاری ڕاگەیاندن کردووە، لە ڕێگەی ئامادە و پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی منداڵان لە دەنگی مەڵبەندی ڕاپەڕین.
- سەرنووسەر، سکرتێری نووسین، دەستەی نووسەران، ڕاوێژکار و سەرپەرشتییاری چەند بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆیەک بووە.

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێران |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عێراق ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | مێجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاف یانۆخ | کەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئێزرۆ ـ ئیریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵلا |
| ٨١٨ | دۆستۆیڤسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٨١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | ڕەووف بێگەرد |
| ٨٢٠ | گەڕان لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداخی | |
| ٨٢١ | وێرانەپیاو | عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٢ | وەرگێڕان | میشل ئۆستینۆف | فەرشید شەریفی |
| ٨٢٣ | ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەک | عادل محەمەد | |
| ٨٢٤ | ئەنتوان چێخەف | دانا ڕەئووف | |
| ٨٢٥ | ستایش | سان ژۆن پێرس | د. موحسین ئەحمەد عومەر |
| ٨٢٦ | ڕیکلام و پەیوەندیی گشتی و بازاڕکردن | د. بەهادین ئەحمەد محەمەد | |
| ٨٢٧ | دیموکراسی و یەکسانی | ئیریک کیسلاسی | حەمە ڕەشید |
| ٨٢٨ | کوژرانی کابرای کتێبفرۆش | سەعد محەمەد ڕەحیم | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٩ | شاعیرە کوژراو و ستەملێکراوەکانی سەردەمی ئیسلام | حەسەن بارام | |
| ٨٣٠ | گەڕانەوە بۆ ماڵ | ولیەم سارۆیان | فاروق هۆمەر |
| ٨٣١ | قانوونی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ | | ئاسۆ کەریم |
| ٨٣٢ | ئۆزدەمیر و کورد | ئەحمەد باوەر | |
| ٨٣٣ | ڕێبازی دیکتاتۆرەکان | ئینیاتسیۆ سیلۆنێ | عەبدولخالق یەعقووبی |
| ٨٣٤ | سیکیولاریزم و دیموکراسیی ئیسلامی لە تورکیا | م. هاکان یاڤوز | عومەر عەلی غەفوور |
| ٨٣٥ | هەڵهاتن لە سیستەم | تۆنی سەغبینی | هەلکەوت عەبدوڵلا |
| ٨٣٦ | جوانترین خنکاوی دونیا | کۆمەڵێک چیرۆکنووس | ژوان شوانی |
| ٨٣٧ | تواوە | عەباس مەعرووفی | ڤیدا قادری |

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨٣٨ | بابە تیرۆریزم چییە؟ | تاهیر بین جەللون | ئازاد بەرزنجی |
| ٨٣٩ | سەفەرنامە | هیوا قادر | |
| ٨٤٠ | کۆنتراباس | پاتریک زویسکیند | شیرین ک. |